ئاندریێ کریسۆن

پــــاسکـــاڵ

ژیانی- فەلسەفەکەی- هەڵبژاردە لە نووسینەکانی

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

سامان عەلی

سلێمانی / 2002

سەرپەرشتیاری زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

ناوی کتێب: پاسکاڵ
ناوی نووسەر: ئاندرێ کریسۆن
ناوی وەرگێر: سامان عەلی
بابەت: فیکری
مۆنتاژ: سەیران عەبدولرەحمان
هەڵەچن: ناسک عەزیز
تیراژ: 500 دانە
ژمارەی سپاردن : 401 ی 2002

زنجیرە کتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم(21)
www.sardam.org

پێڕست

بابەت	لاپەڕە

-نەسکی یەکەم: ژیانی پاسکال.	5
-نەسکی دووەم: فەلسەفەی پاسکال.	39
بە شی یەکەم- تەوەری بایەخدانەکانیپاسکاڵ:	41
ئەخلاق.	41
فەیلەسوفانی دێرین.	42
فەیلەسوفانی نوێ.	43
بەشی دووەم- شێوازەکانی لێکۆڵینەوە.	49
-لە ماتماتیك دا	50
-لە فیزیادا	53
-لە لاهوت دا.	56
بەشی سێیەم- گومڕایی و ڕێگاکانی.	59
1-ئیماندااران و گومڕاکان	59
2-ڕەخنەی هەستەکان و ئەقڵ	64
بەشی چوارەم- گرەو ئیمان.	68
بەشی پێنجەم- ڕاستیی ئایینی مەسیحی.	73

- بەڵگە فەلسەفیەکان	73
- بەڵگە مێژووییەکان.	79
بەشی شەشەم –	
چۆن چۆنی ڕاڤەی مەسیحیەت بکەین.	83
-ڕەخنەی ڕاڤەی مەسیحیانە	83
-خواپەرستیی ڕاستەقینە چیە.	89
-پاسکال و ئەخلاق.	93
بەشی حەوتەم- تێڕوانینێکی گشتی.	96
-نەسکی سێیەم: پاشماوەکانی.	101
-هەڵبژاردە لە نووسینەکانی:	106
1-ئەندێشەی پەرت و بڵاو.	106
2-یاساکان و دادپەروەری.	110
3-گەوهەری من.	115
4-بیر.	116
5-بەسەرهاتی جاك دیلبا.	118
-پەراوێزەکان.	121
-ســــــەرچاوەکان.	126

بەشی یەکەم

ژیانی پاسکال

"پاسکالی برام لە نۆزدەی مانگی حوزەیرانی ساڵی 1628 لە کلیرمۆن لەدایك بووە. باوکم ناوی ئیتیان پاسکال بوو سەرۆکی ئەنجومەنی ژمێریاریی بوو. دایکیشم ناوی ئەنتوانێت بیگۆن بوو. هەرکە کاکم لە خەم ڕەخساو فێری قسەکردن بوو یەکسەر بەهرەی دانایی و ژیریی فیکری لەلای بەدیارکەوت. ئەم زرنگیە لە خێرایی بیرکردنەوەی و لە وەڵامەکانیدا دەرکەوت کە لە کاتی گونجاویخۆیدا دەیدانەوە، بە تایبەت لەو پرسیارانەدا کە بە مەبەستی پرسین دەربارەی چییەتی شتەکان دەیکرد. ئیدی سەرەتا سەرەتایەکی مژدەبەخش بوو لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتیشدا شتێك نەبوو کە بە درۆی بخاتەوە. چەندێ تەمەنی بچووایە بەساڵدا هێندەش بیرکردنەوەی بەهێزتر دەبوو، تەنانەت دەکرێ بگوترێت کە

هەمیشە ئاستی هزریی لە تەمەنی ڕاستەقینەی بەرزتر بوو".

جێلبرت ی خوشکە گەورەی پاسکال بەم وشانە "ژیانی پاسکال" دەست پێدەکات. ئەم ژیاننامە biographie یەشی دوابەدوای مەرگی براکەی و بۆ چاپی کتێبی (ئەندێشەکان)ی نووسیوە کە گروپی "پۆرڕۆیال"[(1)] بەڕێبەرێکی بەهاداری دادەنا بۆ هەر کەسێك کە بیەوێت ئاشنای بلیز پاسکال ببێ.

کاتێك کە بلیز تەمەنی یەکساڵان بوو دووچاری نەخۆشیەکی نادیاروبوو کە نزیکەی دوانزە مانگی خایاند. لەو ماوەیەدا تووشی گرژبوون دەبوو هەستی بە بێزێکی نادیار لە ئاو دەکرد و چاویشی بەرایی نەدەهات کە دایك و باوکی ببینێ. دایکی ڕەنجی زۆری لەگەڵدا کێشاو خزمەتی زۆری کرد، دایك لەم ماوە تەنگانەیەدا کۆرپەیەکی کچی بوو ناونرا جاکلین، لە دوایدا ژیانی بە توندی بەسترا بە ژیانی پاسکالی برایەوەو هۆگری یەکدی بوون، ئەوجا دایکە لە ساڵی 1626دا کە هێشتا تەمەنی کوڕەکەی سێ ساڵانە بوو بە لاوازی و ماندوویی سەری نایەوە. ئەگەرچی بلیز لە سۆزی دایکایەتی بێبەش بوو، بەڵام لە نەرم و نیانی مێینەیی بێبەش نەبوو. لە

نێوان جووتە خوشکەکەی و لە ئامێزی گەرم کەسێکی متمانەپێکراودا پەروەردە بوو کە ویستی شوێنی ئەو دایکە بگرێتەوە کە هێشتا زوو بوو کۆچی دوایی کرد.

ئیتیان پاسکال ی باوکی لە دوای مردنی هاوسەرەکەی پتر لە جاران وابەستە بوو بە منداڵەکانیەوەو بڕیاری دا کەبە خۆی بەدیار پەروەردە کردنیانەوە شەونخونی بکات: بەڵام کارو فەرمانەکەی وەك بەڕێوەبەری ئەنجومەنی یارمەتی لە مۆنفیران بەشی شێریکاتەکانی بۆ خۆی دەبرد، هەربۆیە لە ساڵی 1630دا پۆستەکەی خۆی فرۆشت و بۆ ساڵی دوایی چوونە پاریس نیشتەجێ بوون. لەبەرئەوەی کە بارودۆخی دارایی باش بوو، چۆنی بویستایە دەیتوانی بەو جۆرە ژیانی خۆی ڕێکبخات.

سەرەتا بنەماڵەکە لە شەقامی "لایتسیداندیری" نیشتەجێ بوون، پاشان لە ساڵی 1636دا چوونە شەقامی (بریزمیش) لە سان میری. ئیتیان ی باوك بە تەواوی خۆی بۆ ئەو ئەرکە تەرخان کرد کە لە ئەستۆی گرتبوو، نە خاسمە شەونخونی بەدیار

پەروەردەكردنی ڕۆڵەكەیـەوە پـاش ئـەوەی بلیمـەتیی گەشەسەندووی بۆ دەركەوت.

"سـەرەكیترین ڕێسـای باوكـە ئـەوە بـوو كـە كوڕەكەی لە سـەروو ئـەو بابەتانـەوە دابنـێ كـە پێـی دەگوتـەوە. هـەر بۆیـە هـەرگیز ئـارەزووی ئـەوەی نـەدەكرد كـە بـەر لـە تەمـەنی دوانـزە سـاڵان وانـەی زمـانی لاتینـی پـێ بڵێتـەوە، بـەو هیوایـەی كـە بـە شێوەیەكی ئاسانتر فێری ببێ"، هەروەها نەیدەویست پێش تەمەنی پانزە یاخود شانزە ساڵی ماتماتیكی پێ بڵێتەوە. بە گوێرەی پلانـە پەروەردەكاریـە نەخشـە بۆكێشراوەكەیشـی دەسـتی كـردە پێوتنـەوەی چـەند تـێڕوانینێكی سـەراپاگیر و هـەندێ زانیـاری گشـتی دەربـارەی هـەندێ بابـەتی گـەورەو گـران. "بـە شێوەیەكی گشتی ئەوەی بۆ بەیاندەكرد كە زمانـەكان چین و، ئـەوەی بـۆ ڕۆشـن دەكـردەوە كـە ملكەچ بـە چەند ڕێسایەكی سینتاكسی دەبن و، ئـەم ڕێسایانەش بە دەرایەتی (استـثناءات) ی خۆیـان هەیـە". هاوكـات سەرنجیشـی بـەلای دیاردەكـانی سروشـت و شـتە سەیروسەمەرەكانی نێوی لە نموونەی باروت و شـتی تردا ڕادەكێشا.

هـەرچی پاسکالیشـە دەیویسـت سـۆنگەی هـەموو شتێك بزانێت. تەنها بە وەڵامی کورت و خۆدزینـەوە ئامێز قایل نەدەبوو. تەنها پرسیارکردن حەزی ئەوی بـۆ زانـین تـێر نـەدەکرد بـەڵکو خـۆی بـە دوای چارەسـەردا دەگـەڕا. ڕاسـتە کـە بـاوکی بڕیـاری دابـوو بـەر لـە تەمـەنی پـانزە سـاڵان باسـی ماتمـاتیکی بـۆ نەکات، بەڵام بلیز دەربـارەی ئـەم بابەتانـە پرسـیاری لـە بـاوکی دەکـردو باوکیشـی وەڵامـی نەئەدایـەوە، ڕۆژێك بـاوك بینـی کوڕەکـەی سـەرگەرمی سـەلماندنی مەسـەلەی ژمـارە (32)ی کتێبـی یەکـەمی ئیکلیـدس (2)ە کە دەڵێ کۆی گۆشـەکانی سێگۆشـە یەکسـانە بـە دوو گۆشەی وەستاو.

چـۆن چۆنـی بلـیز ئـەم مەسـەلەیەی یـەکلایی کردەوە؟ ئەوەتانێ منداڵە زرنگەکـە بـە بـاوکی خـۆی دەڵێ کە هەر ئێستا ئەوەو ئەوەی دۆزیوەتەوە، ئیـدی باوکەش بە مـەزنی ئـەم بلیمەتیـە زووە واقـی وڕمـاو ڕووداوەکەی بۆ "لیبایۆر"ی هاوڕێی خۆی گێڕایەوەو، پاشـان بـە جووتـە بڕیاریـاندا کتێبـی "بنـەماکانی ئیکلیدس"ی بدەنێ تاوەکو لـە کـاتی دەسـت بـەتاڵیدا بیخوێنێتەوە.

هەروەها ئیتیان کاروباری کچەکانیشی فـەرامۆش نـەدەکرد، چونکـە شـــتێك هـەبوو وای لێدەکـرد کـە شانازییان پێوە بکات، بە تایبەت بە جاکلینیانەوە کە نەك هەر کیژێکی شۆخ و شەنگ بوو، بەڵکـە هاوکـات زەیـن زینـدوو بـیر ڕەسـەنیش بـوو، هـەروەها زۆر بـە سانایش هۆنراوەی دادەنـا. لـە تەمـەنی یـانزە ساڵیدا کۆمیدیایـەکی لـــە پێنـــج بـــەش نووســی لـــە هـــەموو ئەنجومەنـەکانی پـــاریس دا نمـایش کـرا. لـــە نێـــوان بلـیز و جـاکلین دا هەسـتی هۆگـری بنجی داکوتـا، لـە کاتێك دا کە مـارگرێتی خوشـکە گـەورە ڕۆڵـی دایکـی دەبینی. ڕاستە کە "ئیتیان" هەموو کـاتی خۆیـی بـۆ خزمەتی منداڵەکانی تەرخان دەکرد، بەڵام ئارەزووی گۆشـــەگیر بـــوون و دوورکەوتنـــەوە لـــە کۆمەڵگایشـــی نەدەکرد. چەندین جار شەقامی بریزمیش ئەو کۆڕو کۆبوونەوانـەی بـەخۆوە بینـی کـــە بـــۆ لێکۆڵینـــەوەو تـاوتوێ کردنـی ئـــەو مەســـەلانە دەبەســـتران کـــە لـــە خشتەی کاروبارەکاندا هـەبوون: بـە تایبـەت مەسـەلە زانســـتیەکان نەخاسمـە ماتمـاتیك. لـــە نێـــوان ئـــەو کەسانەدا کە ئامادەی ئەم کۆڕو کۆبوونەوانە دەبوون، ڕۆبر ڤال، باوکە مرسین، فێرما، دیزارگ، هەبوون کە هەمووشیان لە ناودارانی ماتماتیك ناس بوون.

سەرەڕای تەمەنی کەمی، بلیز لە نێـو ئـەم ئەڵقـە زانستیانەدا وەرگیرا!

"پیاوی شیاوی شوێنی شیاوی خۆی بوو، زۆرجـار لـەو کەسـانە بـوو کـە شـتی تـازە داهێنراویـان پـێ بوو". لەبەرئەوەی کە ئارەزووی ئەندازە "الهندسة"ی دەکـرد، هـەر بۆیـە سـاتەکانی دەسـت بـەتاڵی بـۆ ئـەم زانسـتە تـەرخان کـرد. لـە تەمـەنی شـانزە سـاڵیدا کتێبێکـی دانـا کـە نـاوی لێکۆڵینـەوە لـە قوچەکـەکان "بحــث في المخروطــات" بــوو، هــەموو ئــەو ماتماتیکناسـانەی سەرسـام کـرد کـە لـەلای بـاوکی دادەنیشتن.

وەختێـك کـە "ئیتیـان" لـە کلیرمۆن پۆسـتەکەی خۆی فرۆشتەوە پارەوپولەکەی لـە بەڵگەنامـە داهـات "وثـائق دخل" لـەلای کۆشـکی شـارەوانی لـە پـاریس خستە ئیشەوە. بەڵام خراپی ڕەوشی دارایی لە ئاداری 1638دا ناچـاری کـرد کـە چـارەکی بەڵگەنامەداهاتەکـە ئیلغا بکاتەوە. ئیدی ئـەو کاتـە ژمارەیـەك لـە خـاوەن بەڵگەنامەداهاتـەکان چوونـە لای "سـیگێ"ی مـۆر بـە دەستی پادشاو بە توندی ناڕەزایی خۆیانیان دەربڕی، لەم کاتەدا "ریشیلیۆ" (3) سیان لە هاندەرانی توندی

نێو زیندانی باستیل کرد، ئەوانی دیکەشیان لە ترسی گیانی خۆیان، خۆیان شاردەوە، ئیتیان پاسکال یەکێك بوو لەوانە کـە لـەم هەوڵـەیدا زۆر دوورکەوتـەوە. لـە مـانگی ئــەیلولی هــەمان ســاڵیش دا جـاکلین تووشــی نەخۆشــی ئاوڵــە بــوو، بـــاوکی بــێترس و دوودڵــی گەڕایەوە بۆ لای هەتا تارمـایی مەترسـیەکەی لەسـەر لاچـوو. هەرکـە جـاکلین چـاك بـووەوە باوکـە پـەنای بــردە بــەر ئۆفـێرنی و منداڵەکانیشــی لــە پــاریس جێهێشت. لە ساڵی دواییدا جاکلین هـەلی بـۆ ڕەخسا کـە لـە بــەردەم کاردینــاڵ ڕیشـیلیۆدا کۆمیدیایــەك نمایش بکات، لە نمایشەکەیدا هێندە سەرکەوتوو بـوو کـە توانـی لێبـووردن بـۆ بـاوکی وەربگـرێ. لــە پـاش ماوەیــەکی کــەمیش ڕیشـیلیۆ لــە "ڕوای" پێشــوازی لێکردو کردیە نوێنەری پادشا لە "ڕوان".

کەواتە تێکڕای ئـەندامانی خێزانەکە بـە یـاوەری هێـزا "بـیرێ" کـە بـۆ سـاڵی دوایــی بــووە هاوســەری جێلـبرت، ڕوویـانکردە نۆرمــاندی. ئەوکاتــە جێلــبرت تەمەنی بیست و یەك ساڵان بوو. بە هۆی پلەوپایەی بەرزی ئیتیانیشەوە ئەنجومەنەکەی بـووە یـەکێك لـە گرنگـترین ئەنجومەنـەکان و زۆرجـار "کۆرنــای" کـە بایەخی زۆری دەدا بە هەوڵە شـیعرییەکانی جـاکلین،

سەردانی دەکرد. هەرچی بلیزە لەسەر خوێندنەکەی بەردەوام بوو هاوکات ئیشی لەگەڵ باوکیشیدا دەکرد. بۆ خۆلادان لە حساباتی دوور و درێژیش بیرۆکەی دروست کردنی ئامێرێکی ژمێرە "آلة حاسبة"ی بە خەیاڵدا هات "کە بەبێ پەڕ هەموو حساباتەکانی پێ بکرێت، نەك هەر ئەوەندە بەڵکە هەروەها بێ ئەوەی ئەو کەسە هیچ شارەزاییەکی لەهەر ڕێسایەکی حسابیدا هەبێ کاری پێ بکرێ و ئەنجامەکانیش بێ هەڵەبن".

لەو ماوەیەوە تەندروستی بلیز خراپ بوو. ئایا ئەم نەخۆشکەوتنە بە هۆی ئەو هەوڵ و ماندووبوونەوە بوو کە لە دروست کردنی ئەم ئامێرەدا کیشرا وەکی خوشکەکەی دەیگوت، یان بە هۆی لاوازییەکی بە میرات بۆ ماوەوە بوو؟ ئیدی مەسەلەکە هەرچۆنێك بێت بلیز لەوەتی هەژدە ساڵییەوە ڕۆژێکی بەبێ ئێش و ئازار نەبردە سەر. بەڵام: "هەرکە بۆ ساتێك وچانی دەدا یەکسەر بیری دەچوو بەلای گەڕان بە دوای شتێکی تازەتردا".

لە کانوونی دووەمی 1646دا ئیتیان پاسکال کەوت و ڕانی لەجێ چوو. ئیدی برایان "دیشان" بۆ

خزمەتکردنی هاتنە لای. لە ماوەی چاك بوونـەوەیدا لـە نێـوان هـەردوولادا وتووێژێکـی دوورو درێـژ کــرا. هـەردوو بـرا ئامۆژگارییـان کـرد کــە هــەندێ کتێــب بخوێنێتــەوە بــە تایبــەت کتێبــی "وتــاری ڕاهیــب جانسینیوس[4] دەربارەی چاکسازی ناوخۆیی".

هـەروەها بلـیزیش ئـەم کتێبـەی خوێنـدەوەو بــە تونــدی کەوتــە ژێــر کاریگەرییــەوە. بیروڕاکــانی جانســینیوس لەگــەڵ مــەزاجیدا کــۆك بــوو لەگــەڵ خواستەکانیشیدا دەهاتەوە؛ چونکـە یـەکێك بـوو لـەو کەسانەی کە شەیدای ئەرك (واجب) بـوو. کـاتێکیش کـە دەرکـی بـە ئەسـتەمێتی دابـەش بـوون لـە نیــوان خـوداو جیـهان دا کـرد، بڕیـاریدا کــە هــەموو ژیــانی خۆی بۆ خـودا تـەرخان بکـات و بـۆ ڕەزامـەندی ئـەو کاربکات.

دوای ئەوەی کە بلیز ئەم بڕیارەیدا یەکسەر هانی کەس و کارەکەی خۆیشیدا کەلەگەڵیدا بێنە سەر ئەم ڕێگایــە، ڕێگــای ڕزگــاربوونی ڕاســتەقینە. جــاکلینی خوشـکی "یەکـەمین کـەس بـوو کـە بڕیـاریدا واز لــە هـەموو ئیمتیازاتـەکانی خـۆی بێنــێ بـۆ ئــەوەی بــە تەواوی خۆی بۆ خودا تەرخان بکــات". ئینجا بـاوکی بەدوایدا هات و هیچ دوودڵییەکی نەنواند لە نوچدان

بۆ ڕێنماییـەكانی كوڕەكـەی، پاشـان سـەرە هاتـە سـەر مـارگرێت بـیریێ و مێردەكـــەی كــە لــە پاریســـەوە هـاتبوون، ئـەمانیش بـــە ئاســانی قەناعــەتیان كــرد. ئـەوجا خێزانەكـە خۆیـان خسـتە ژێــر سەرپەرشـتی "گیبێر"ی كەشیشی ئەبرەشـیەی "كـو"ەوە. هـەر لـە ڕێگای ئەویشەوە لـە دواییـدا خێزانەكـە لـە "دێـر"ی پۆرڕۆیـــال نزیـــك بوونـــەوە. بـــەلاّم زیـــادبوونی خواپەرستی خێزانەكەو حەماسەتی پاسكال بۆ هـزرە پەیامبەرییەكان نەبووە ڕێگر لەسەر ڕێگای بەردەوام بوون لەسەر لێكۆڵینەوە زانستیەكانی.

ئەوەبوو لە تشرینی یەكەمی 1646دا هێژا "بیتی" هات تاوەكو چاوی بە "ئیتیان" بكەوێت و، باسی ئەو تاقیكردنەوانـەی كـرد كـە لـە ئیتاڵیـا سـەبارەت بـە بۆشایی (الفراغ) كرابوون.

ئـەو بـاوەڕی كـە لـەو بارەیـەوە بـاوبوو دەیـووت سروشت قینی لە بۆشاییە. پاسكال توانی بە یاریدەی (بیتـی) تاقیكردنەوەكـە دووبـارە بكاتـەوەو چـەند تاقیكردنەوەیەكی دیكەشی داهێنا.

بۆ ساڵی دوایی ڕاپۆرتێکی لەژێر ناونیشانی: "تاقیکردنەوەی نوێ سەبارەت بە بۆشایی" دەربارەی کارەکانی خۆی بڵاوکردەوە.

بەڵام نەخۆشی زۆری بۆ هێناو، بەشی خوارەوەی لەشی تووشی ئیفلیجی بوو. ئیدی بە هۆی دوو دارشەقەوە نەبووایە توانای بە ڕێگادا ڕۆشتنی نەبوو. لایەنی زۆر پێدەچێ کە لەوکاتەدا بابەتی: "پاڕانەوە لە خودا بە باش کەڵك وەرگرتن لە نەخۆشکەوتن"ی نووسیبێ. چاودێری و خزمەتی باش لە ئێش و ئازارەکانی کەم کردەوە. لەسەر داوای دکتۆریش لەگەڵ جاکلینی خوشکیدا بۆ چارەسەرچوو بۆ پاریس. کاتەکانی پاسکال دابەش بوو بوو بەسەر چارەسەروەرگرتن و خواپەرستی و لێکۆڵینەوەی زانستی و وتوویژ لەگەڵ هاوڕێیاندا. دوو کەڕەت پێشوازی لە دیکارتیش کرد. لە دوایدا دیکارت دەیووت کە پاسکال وەحی تاقیکردنەوەکانی لە بارەی هاوسەنگی شلەکان لە منەوە وەرگرتووە. هەروەها پاسکال هەندێ گۆڕانکاری باشی بەسەر ئامێری ژمێرەکەدا هێناو، لەسەر لێکۆڵینەوەکانی خۆیشی لە بارەی بۆشاییەوە بەردەوام بوو، چەند تاقیکردنەوەیەکی قەناعەتپێکەریشی ئەنجامدا،

یەکێك لەو تاقیکردنەوانەی لە بورجی (سان جاك) لە پاریس و ئەوی دیکەیشیانی بە یاریدەی (بیریێ)ی زاوای لە (بوی دی دوم) ئەنجامدا. سەبارەت بە کتێبی: "لێکۆڵینەوە لە بۆشایی"، بڵاونەکرایەوەو تەنها چەند بەشێکی لێدۆزرایەوە. وەختێك کە یەکێك لە مەسیحیەکانیش بە ناوی باوکە "نویل" ڕەخنەی لێگرت، پاسکال بەنووسینێك وەڵامی دایەوە کە بۆنی کتێبی ئایندەی لێدەهات کە ناوی "پەیامە گوندیەکان" بوو.

لەوەتی گەیشتنی بۆ پاریس، پاسکال لەگەڵ جاکلینی خوشکیدا زۆر بە ڕێکوپێکی ئامادەی وتارەکانی هێزا "سانگلان"ی وتاربێژی پۆرڕۆیال دەبوو. جاکلین سەرنجی دا کە ناوبراو بە جۆرێك باس لە ژیانی مەسیحی دەکات "کە لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەدا تەبایە کە ئەم لە ناخی خۆیدا دروستی کردووە" هەربۆیە ویستی بچێتە پۆرڕۆیال. بڕیاری چوونەکەی لە لایەن پاسکالی برایەوە پشتگیری لێکرا کە ئاگادارکردنی باوکیشی گرتە ئەستۆی خۆی. بەڵام ئیتیان قایل نەبوو بۆ ئەوەی کە ڕێچکەی بیری منداڵەکانیشی بگۆڕی لەگەڵ خۆیدا بردنی بۆ

ئۆفێرنی بۆ لای بنەماڵەی بیرێ. جاکلین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تا دەهات کەمخۆرو گۆشەگیرتر دەبوو، لە کاتێکدا کە پاسکال ی برای بە هاندانی باوکی و پزیشکەکان تا دەهات ئارەزووی بەلای ژیانی ڕابواردن و گەمەکردندا زیاتر دەبوو. بەشداری چەندین کۆڕو کۆبوونەوەی زانستانەی کردو خۆی تێکەڵاو بە ژیانی کۆمەڵگا کرد.

مانەوە لە کلیرمۆن ماوەی حەڤدە مانگی خایاند. لە ئەیلولی 1650 خێزانەکە هەموویان گەڕانەوە بۆ پاریس و لە شەقامی تۆرین نیشتەجێ بوون. لێرە پاسکال لەسەر هەمان ژیانی کۆمەڵایەتی بەردەوام بوو کە لە کلیرمۆن ژیاو، پەیوەندی لەگەڵ ژمارەیەك لە خەڵکی (لێوان لێو لە ڕۆحی کۆمەڵایەتی) لە نموونەی: میر (دۆق) دی ڕوانیز کەبە توندی وابەستە بوو بە پاسکالەوەو، دی بارو کە هەر ئەوەندەی کەمێك باری تەندروستی خراپ بووبووایە ئارەزووی ڕووکردنە خودای دەکرد، هەروەها لەگەڵ مەدام دیگۆن ی برازای ڕیشیلیۆدا بەست.

لە 24ی ئەیلولی 1651دا باوکی کۆچی دوایی کرد. پایانی ژیانی باوکی هێندە مەسیحیانە بوو کە کەشیشی ئەبرەشیە لەسەر مینبەر ستایشی کرد. ئەم

ڕووداوە بە توندی کاری لە پاسکال کردو وای لێکرد کە دڵنەوایی لە ئیماندا ببینێتەوە. لەوە دەترسا کە ئەگەر جاکلینی خوشکی لە نزیکی خۆیەوە بهێڵێتەوە، لانی کەم بۆ ماوەیەك هەستی تەنیایی و میهرەبانی دایبگرێ. بەڵام هەرکە سەرە هاتە سەر دابەشکردنی پارەو موڵك ئیدی جاکلین بڕیاریدا بەو گوێرەیە ڕێگا بگرێتە بەر کە پێشان خۆی بۆ ئامادە کردبوو. لە دوای تەنیاییەکیش کە چەند مانگێکی خایاند لە ساڵی 1652دا جل و بەرگی بوون بە ڕاهیبی پۆشی. لەگەڵ تەواوبوونی ماوەی ئامادەیدا لە 5ی حوزەیرانی 1653 دا بە تەواوی بووە ڕاهیبە. وا دیارە هەندێ مەسەلەی دارایی پەیوەست بە میرات هەندێ شپرزەیی لە پەیوەندی برا بە خوشکیەوە دروست کردبێ، بەڵام دواجار پاسکال بە جۆرێك ڕەفتاری کرد کە تەمی هەموو گومانێکی ڕەواندەوەو جیازیەکی گونجاوشی بۆ چوونە پۆڕۆیال بۆ خوشکەکەی دابین کرد.

لە کاتێکدا کە جاکلین بە تەواوی خۆی بۆ یەزدان تەرخان کرد، بلیز لە کاروباری ئایین دوورکەوتەوەو ڕۆیشت بەلای کاروباری دونیادا. ئەگەرچی لەنێو

مەزاج و پەروەردە ئایینیەکەیدا ڕێگرەبوو بۆ هەندێ خواست و ئارەزوو، بەڵام خۆیدایە دەست حەزو ئارەزووی بۆ زانست و گەڕایەوە بۆ نێو کۆمەڵگاو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، ڕەنگە پێوست بکات بە دوای هۆکاری گەورە بوونی ئەم بۆشاییەدا بگەڕێین کە ڕۆیشتنی جاکلین لەلای دروست کرد، هەروەها هۆکاری باشبوونی ڕەوشی جەستەیی بە شێوەیەکی کاتی. لانی زۆر پێدەچێ کەلەو کاتەدا ئەم بابەتەی نووسیبێ: "وتارێك لەبارەی ئارەزووەکانی دل"[٣]. کە ڤیکتۆر کۆزان لە کتێبخانەی پادشایی دۆزیبوویەوە، بەڵام گومان لە ڕاستی ئەم نووسراوە دەکرێ.

بەمجۆرە لە ساڵی 1654 دا چالاکی زانستانەی دەسی پێکردەوەو ئەم دوو کورتە لێکۆڵینەوەیەی نووسی: (لە بارەی هاوسەنگی شلەکان) و (لە بارەی قورسایی هەوا). ئەم دوو لێکۆڵینەوەیەش لەم کتێبەیەوە کورت کراونەتەوە: (لیکۆڵیینەوە لە بۆشایی) کە هێشتا بە دەستمان نەگەیشتووە. هاوکات ئەم دوو کتێبەیشی نووسی: (لێکۆڵینەوە لە سێگۆشەی حسابی) و (لێکۆڵینەوە لە ڕیزبەندی ژمارەکان). لەگەڵ (فێرما)شدا نامە گۆڕینەوەیەکی چالاك هەبوو

لـه نێوانیـاندا سـەبارەت بــە تیــۆرەی ئەگــەرەکان (نظرية الاحتمالات).

هـەرچی جـاکلینی خوشــکێتی: (بــەداخ بــوو بــە بینینی ئەو کەسەی کـە پوچێتـی ژیـانی دونیـای پـێ پیشــانداو ئێســتا خــۆی نغــرۆی خۆشــیە پوچەکەی بووە) وە زۆرجار هانی دەدا کە دەست لەو خۆشــیە هــەڵبگرێ، بــەڵام هێشــتا وادەی ئــەو وازلێهێنانە نەهاتبوو. پاسکال گوێی بـۆ خوشـکی شـل دەکرد بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا: (دەستی لـە پرۆژەکـانی خۆیشــی هەڵنــەدەگرت). بــەڵام ســەردانە بەردەوامـەکانی بـۆ لای خوشـکی و، وتوویـژی دوورو درێژی لەگەڵیداو، ڕەنگـە خراپبوونـی ڕوو لـە زیـادی ڕەوشی تەندروستی، هەموو ئـەم فاکتەرانـە وایـان لـە پاسـکال کـرد کـە تـێڕوانینێکی تـەواو تـازە بڕوانێتــە مەسـەلەکان. وەکـی (بۆتـرۆ)ش دەڵـێ: (هەسـتی بـە جیـاوازی زەبـەلاحی نێـوان بـارودۆخ و چارەنووسـی خۆی دەکرد). ئیـدی وتووێژەکـانی لەگـەڵ خوشـکیدا زیـاتر کـردو وەکــی خوشکەکەیشــی دەڵــێ: "ئــەم وتووێژانە بە جۆرێك دووبارە و درێژخایان بوون، کـە وامدەزانی کارو پیشەمە".

لە 23ی تشرینی دووەمی 1654دا، لە کاتی گوێ گرتنی بۆ ئامۆژگاری هێژا سانگلان، ڕۆشناییەکی سەیرو ڕووناکیەکی نادیار بەگیانیدا هات. هەر دەتووت ڕۆشناییەکی بالآیە ماوەی دوو کاتژمێر بە گیانیدا تەشەنەی کرد. لەم کاتەدا چاوی بە خودای پایە بەرز کەوت و هەستی بە شکۆمەندییەکەی کرد: بۆ ئەوەی ئەو بیروڕایانەش بپارێزێ کە بە سروش بۆی هات، خێرا لەسەر پارچەیەك لە پێستە تۆماری کرد کە لە دوای مردنی لەسەر جل و بەرگەکەی دۆزرایەوە.

پاسکال بە ڕێگاپیشاندەر هەڵبژێردرا. سانگلان ئامۆژگاری کرد کە لە دێری پۆر ڕۆیال دی شان بمێنێتەوەو، لە ماوەی تەنیایەکەیشیدا پاسکالی سپارد بە هێژا دی ساسی ڕۆژێك لەگەڵ دی ساسیدا پێکەوە باسی "ئەبیکتیت"[(5)] و"مۆنتانی"[(6)]یان کرد. هەرچیەك کەوا لانی زۆر پێدەچێ قسەی پاسکال بووبێ دەرباری ئەبیکتیت و مۆنتانی، "فۆنتین"ی یاریدەدەری دی ساسی تۆماری کرد. نەقلکردنەکەی فۆنتین هێندە زیندووە هەر دەڵێی گوێبیستی قسەوباسی پاسکالین دەربارەی "گفتوگۆی هێژا دی ساسی سەبارەت بە ئەبیکتیت و مۆنتانی".

وەك چۆن لە ماوەی یەکەمی تۆبەکردنەکەیدا ویستی خوشك و باوك و هەموو ئەندامانی خێزانەکەی قەناعەت پێبکات، ئەم جارەیش بە هەمان شێوە ویستی هاوڕێکانی خۆی لە نموونەی: دۆق دی ڕوانیز، دۆماو کەسانێکی تر بێنێتە سەر ڕێگای خواپەرستیو، وازی لە لێکۆڵینەوە زانستیەکانیشی هێنا تاوەکو هەموو بیرکردنەوەی خۆی کۆبکاتەوەو ئەم کتێبە گەورەیە بنووسێ: "ستایشی مەسیحیەت"* بۆ دەمکوتکردنی بێباوەڕان و گێڕانەوەیان بۆ سەر ئایین. بەڵام بەڕێوەبەرانی پۆر ڕۆیال داوایان لێکرد کە شێوازێکی تازە بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی خوێندنەوە فێری منداڵان بکات کتێبێکیش دەربارەی ئەندازەی سەرەتایی بنوسێ. ئێستا دوو برگەی ئەو کتێبە بە ناونیشانی "لەبارەی هزری ئەندازەیی" ئەوەتان لەبەردەستی ئێمەدان، بەڵام جێبەجێکردنی هەموو پرۆژەکانی دواکەوت.

---

* سەرنج و تێبینیەکان لەسەر کۆمەڵە کاغەزێك تۆمارکران و دواتر ناوی (ئەندێشە)یان لێنرا.

لـە كـانوونی دووەمـی 1655دا قوربـانیی پـیرۆز نەدرایـە دەسـت هێـزا "دی لیۆكـۆر" چونكـە ئـەركی پـەروەردەكردنی كـوڕە بچكۆلانەكـەی خـۆی دابـووە دەست دێری پۆر ڕۆیال. ئەوكاتە "ئارنۆ"[7] كەیەكێك بـوو لـە بەڕێوەبـەرانی پۆڕۆیـال، یەكـەمین پـەیامی ئاراستەكراوی بـۆ یـەكێك لـە خانەدانـەكان دەربـارەی ئەم مەسەلەیە بڵاوكردەوە. مەسیحیەكان بـە تونـدی هێرشیان كردە سەر ئەم نامەیە، ئـەویش بـەم جـۆرە وەڵامی دانەوە:

مینبـەری پەیامبـەری هـەر پێنـج مەسـەلەكەی جانسینیوس ی سەرزەنشت كردووەو ئەو مل بۆ ئـەم فەرمانـە دەدات، بـەڵام سـەرنجی بـۆ ئـەوە ڕاكێشا كـە مەسـەلە پرۆتیسـتۆكراوەكان لـە كتێبەكـەی جانسینیوسـدا نـەهاتوون. ئیـدی ئـارنۆ نێردرایـە كۆلیـژی لاهـوت. كۆلیـژی نـاوبراویش بـە پاڵپشـتی مـیری و بـە تایبـەت مەسـیحیەكان ئـارنۆی پرۆتیستۆكرد، ئەمەش دوا بە دوای مانۆڕگـەلێك كـە هـانی "ڕاسـین"[8]ی دا كـە بڵـێ هـەرگیز تـا ئێسـتا فەرمانێكی كەم ڕەواتر لەم فەرمانە دەرنەچووە.

سەرزەنشتكردنەكەی ئارنۆ تەنـها لایـەنی واقیعـی دەگرتـەوە، بـەڵام لـە لایـەنی یاسـاییەوە هـەروەها لـە

پۆڕڕۆیـالیش بـاوەڕ بــە دروســتایەتی سەرزەنشــتەکە دەکرێت، ئیدی تکایان لـە ئـارنۆ کـرد کـە مەسـەلەکە پێشــچاوی جەماوەرەکــە بخــات کــە گرنگــی بـــە مەسەلەکە دەدا بێ ئـەوەی ئاگـاداری هـەموو کـەین و بەینـەکانی بێـت، لـێرەدا پاسـکال ڕاســپێردرا تـاوەکو شــتێك بـۆ جەماوەرەکــە بنووســێ، ئــەویش ئــەم نامەیەی نووسی: "یەکەمین پەیامی ئاراسـتەکراو بـۆ لادێییـەك لـە لایـەن یـەکێك لـە هاوڕێکانیـەوە"، ئـەم پەیامـە لـە 27ی کـانوونی دووەمـی 1656 لـەژێر نــاوی "لوی دی مۆنتال"ی خوازراودا بڵاوکرایەوە. لـە پـاش چوار ڕۆژان سۆربۆن ئارنۆی پرۆتیسـتۆکردو ناویشی لەنێو لیستی لاهوتیەکاندا کوژاندەوە، لە 5ی شـوباتدا پـەیامی دووەم دەرچـوو، دوای ئـەوە بـــە هەفتەیــەك ســێیەم بڵاوکرایــەوە، لـــە دوای چـــەند ڕۆژێکیـــش پەیامی چوارەمی بەدوادا هات.

وێڕای هەوڵ و ڕاڤەکانی ئارنۆ، گروپی پۆر ڕۆیال ناچــاربوون کــە بـــڵاوەی لێبکــەن و بـــە بڕیــارێکی شـــاهانەش دەرگـــای خوێندنگاکانیـــان کڵـــۆم درا. مـارگرێت بـیرێ کـە یـەکێك بـوو لـە ئـەندامانی ئـەم گروپە بە داخستنی خوێندنگاکە داخی نەدەچوو. لە

24ی ئاداردا هەموو دانیشتوانی دێرەکە لە دڕکێك نزیك دەبوونەوە کە لە پاشماوەی تاجە گوڵینەی (مەسیح)ەو وەرگیرابوو لە لایەن یەکێك لە باوکانەوە کەتا ئەو کاتە لە کڵێسا تایبەتەکەی خۆیدا پارێزگاری لێدەکرد، گەرێنرابۆوە بۆیان. وەختێك کە نۆرەی کرنووش بردن هاتە سەر مارگرێت دڕکە پیرۆزەکە بەرچاوی کەوت و دەسبەجێ چاوی چاك بۆوە. لە ڕۆژانی دواتریشدا چەند موعجیزەیەکی هاوشێوە ڕوویاندا وایان کرد کە باوەڕ بهێنرێ بەوەی کە خودا بە میهرەبانی خۆی پۆرڕۆیالی هەڵبژاردووە، چونکە لەوەوبەر دڕکە پیرۆزەکە ئەم چەشنە ڕووداوانەی دروست نەکردبوو؛ دەرەنجام دانیشتوانی دێرەکە توانیان بگەڕێنەوە بۆ پۆرڕۆیال دی شان و خوێندنگاکانیشیان کەوتنەوە کار.

بەڵام پاسکال لە موعجیزەی دڕکە پیرۆزەکەو لە چاکبوونەوەی مارکرێت دا، وریاکردنەوەیەکی خودایی دەبینی و پێی وابوو کە بە تایبەتکاری ئاراستەی ئەو کراوە، هەروەها بە جۆرێك لە پەسەندکردنی نووسینەکانی خۆیی دەبینی لەلایەن خوداوە. ئیدی لە هێرشەکانی خۆی زیاتر کرد و پێنجەمین پەیامی ئاراستەکراو دژ بە ئەخلاقی

مەسـیحییەکانی دەرکـردو، بــە دوای ئەویشـدا پێنــج پــەیامی دیکــەی دەرکـرد. پـاش ئــەوەی ڕەخنـــەی لــە ڕێبازی ئەخلاقییان گرت ئەوجا لە پەیامەکـەی تـردا پــەلاماری سیاسـەتەکەیانیدا. بـۆ ئــەوەی کــە تۆمــەتی (بدعـة)یـش لــە پۆرڕۆیــال دووربخاتــەوە، لــەکانونی دووەم و ئاداری 1657 دا دواین دوو پەیامە گوندیەکانی خۆی نووسی.

ئەم هەڵمەتــە وای لـە بەشـێکی زۆر لـە خـەڵکی و ژمارەیەکی زۆر لە کەشیشەکانی کەشیشایەتی پاریس کـرد کـە پشـتگیری پۆرڕۆیـال بکـەن، بـەڵام نــەیتوانی ڕێگــا لـــەوە بگـــرێ کـــە ڕاشـــکاوانە سەرزەنشـــتی جانســـینیوس نـــەکرێ. پەیامـــە گوندییـــەکانیش بـــەمجۆرە تەماشـــاکرا: "کتێبێکـــە پـــڕ لـــە زەم و ناوونـــاتۆرا، فرۆشـــتن و پڕوپاگـــەندە بـــۆ کردنـــی قەدەغەیـەو هەرکەسـێك سـەرپێچی بکـات ڕووبــەڕوی بەندکردن و کاری قورس و گران دەبێتەوە".

وەك وتمـان پاسـکال پەیامــە گوندیــەکانی لــەژێر ناوێکی خوازراودا بڵاوکردەوە لە ترسی ئەوەی نەبادا لـــە لایـــەن نـــەیارە بەهێزەکانیـــەوە تۆڵـــەی لێبسەندرێتەوە، لەبـەر هـەمان هۆکـاریش ناچـار بـوو

لە 1655 و پاشان لە 1656دا شوێنی دانیشتنی خۆی بگۆڕێ، چەند جارێك (لە دەرەوەی دەروازەی سان میثال و لە نزیك دەروازەكە) و ئینجا لە شەقامی بوارێدا نیشتەجێ بوو.

پەرج و موعجیزەی دڕكە پیرۆزەكە ئاپۆڕایەك لە خەڵكی بەلای پۆڕڕویال دا ڕاكێشا. خاتوو دی ڕوانیزی خوشكی دۆق دی ڕوانیزی هاوڕێی پاسكال یەكێك بوو لەو كەسانەی كە هاتن بۆ ئاین پەروەری و خواپەرستی. ناوبراو تەمەنی بیست و سێ ساڵانە بوو تاوەكو ئەو كاتەش تەنها بیری بەلای دونیاوە بوو. وەختێك كە بوون بە ڕاهیبەی هات بە خەیاڵدا مەسەلەكەی لەلای پاسكال باسكرد. بەڵام پرۆژەكەی لە لایەن دایكیەوە بە توندی بەرهەڵستی كرا ئیدی ئەویش چوو بۆ (پواتێ) و بەردەوامی نامەی بۆ پاسكال دەناردو باسی ئامادەی شاراوەی خۆی بۆ دەكرد بۆ بوون بە ڕاهیبە. بۆ بەدبەختی ئێستا ئێمە تەنها بەشێك لەو نامانەی پاسكالمان لەلایە كە خاتوو دی ڕوانیز لەلای خۆی پاراستبوونی و دوای گەڕانەوەی بۆ نێو ژیانی كۆمەڵایەتی و شوكردنی لە پاش كۆچی دوایی پاسكال، وەك نەریتێك دەچووەوە سەریان و دەیخوێندنەوە. ناوبراو ژیانێكی

خەمۆکانـەی بـردە سـەرو زۆرجــار داخ و حەسـرەتی هەڵدەکێشا چونکە بەو چەشنەی کە خـۆی دەیویست نەچووە سەر.

پاسکال لە ئاراستەکردنی خەڵکیدا کەسێکی تەواو بلیمەت بوو. زۆرجار (خەڵکانی گەورە هـزرو خـاوەن توانــا دەچوونــە لای و پابــەند دەبــوون بــە ئامۆژگایەکانیەوە. هەروەها کەسانێك هەبوون کە لـە پــرس و مەسـەلەی ئــایین دا دوودڵ بــوون، بــە مەبەسـتی ڕاوێـژ سـەردانیان دەکـرد و هەمیشـە بـە ڕەزامەندییـەوە لای ئـەویان بەجێدەهێشت.) پاسـکال بـۆ دوورکەوتنــەوە لـە خراپـەکاریش بـە هـاندەری ویـژدان ڕاسـتەوخۆ قایشـێکی دڕکـاوی بـە ڕووتـی لـە کەمـەری دەبەسـت. هـەرکاتێك (هەسـتی لـە خۆبـایی بـوون دایبگرتایـە بـە ئانیشك لەسـەر پشـتوێنەکەی دەدا بـۆ ئـەوەی لـە هەڵچـەقینی دڕکەکـە توندتــر بکات و ئەرکی خۆی بیربکەوێتەوە).

ئـەم ئەشکەنجەیە بـەس نــەبوو بـۆ ئــەم خـودە نائارامە بۆ بەرەو پێشچوون لەسـەر ڕێگـای یـەزدان و خواپەرسـتی، هـەر بۆیـە وەك چـاوگردن لـە مەسـیح عـەودالی برسـێتی بـوو، وازی هـەموو پێویسـتیەك

هێناو نەیدەویست بایەخی زۆری پێ بدرێو دەیووت: (مـن ئامـانجی هیـچ کـەس نیـم، چونکـە چارەنووسـم مردنـە). زانستەکانیشـی بـە مەسـەلە گـەلێکی پـوچ و بـێ مانـا تەماشـا دەکـرد، چیـدی تەنـها بـە ئـەندازەی کـەڵکیان لـە چـالاککردنی خواپەرسـتیەکەیدا ڕێـزو حورمـەتی لێدەنـان. بـاری تەندروستیشـی تـا دەهـات خراپـتر دەبـوو، تووشـی سەرئێشـەی بـەردەوام بـوو، بـەڵام شـانی دایـە بـەری و بەڵگـە تەنانـەت بەختەوەرانە بەم حاڵەی خۆی ڤایل بوو، چونکـە لـە خودای نزیك دەکاتەوە.

بە وتەی مارگرێت بیرێ ڕۆژێـك پاسکال تووشـی ددان ئێشـەیەکی زۆر بـوو کـە خـەوی شـەوی لێ حـەرامکرد. (لـە سـاتەکانی بێداریـدا بیرۆکەیـەکی سـەبارەت بـە بازنـە (الدائـرة الـدوارة)ی هـات بـە خـەیاڵدا). لـە مـاوەی چـەند شـەوێکدا، لـە بیرۆکەیەکـەوە چـووە سـەر یـەکێکی دی هـەتا چارەسـەری ئـەو مەسـەلەیەی دۆزییـەوە کـە باوکـە مرسین تەرحی کردبوو.

ئـەم مەسـەلەیە پەیوەسـت بـوو بـە بابـەتی هاوکێشـەی بازنـە la quaderature de la rou lette چەماوەی بازنە CyCloide. "ئەم ناوە بـەو چەماوەیـە

دەوترێت کـە خـاڵێك لـە بازنەیـەك دەیکێشـێ کـە لەسەر ڕاستەهێڵێك دەخولێتـەوە"* . ئەگـەر دۆق دی ڕوانـیز ئـەوەی بـۆ پاسـکال بـەیان نەکردایـە کـە پێویسـتە ئـەنجامی لێکۆڵینـەوەکانی خـۆی بـۆ بـەرژەوەندی ئـایین ڕابگەیـەنێ و ئـەوەش بـۆ بێبـاوەڕان بسـەلمێنێ کـە لانـی کـەم هێنـدەی زانـایی ئەوان لە هەموو ئەو مەسەلانەدا زانایە کە دەکرێ بە بەڵگە بسەلمێنرێ، ئەگەر دۆق وەهـای نەکردایـە ئـەوا پاسکال لێدەگەڕا بەری تێرامانەکانی بەخەسار بچێ. ئینجـا بـۆ ئـەوەی سـەدایەکی گـەورەش بـدات بـە مەسـەلەکە، پاسـکال بـە گوێـرەی ئـەو ئامۆژگاریانـەی کە پێی درابوو پێشبڕکێیەکی ڕێکخسـتن کـە خـەڵاتی بڕێك پارەی لەگـەڵدا بـوو، ئـەم خەڵاتـە ئـەدرێت بـە هەرکەسێك کە چاری مەسـەلەکە دەدۆزێتـەوە. بـەڵام هیـچ کـەس نـەیتوانی چارەسـەری تـەواو بـدات بـە دەستەوە. ئیدی ئەوکاتە پاسکال سەلماندنەکەی خۆی بڵاوکـردەوە کەلـە مـاوەی هـەژدە ڕۆژدا نووسـی. لـە کاتی چاپکردنیشیدا دووان لە کرێکارانی چاپخانەکان ئـەو وشـانەی کـە ناوبـەناو دەهاتـە بەردەسـتیان بـە

---

* بێ ئەوەی کە هەڵبخرێ (و. عەرەبی).

بابەتی ئامادە بۆ چاپیان وەسف دەکرد. پاسکال لە حەلکردنی ئەم هاوکێشیەدا شێواز گەلێکی ئەوتۆی بەکارهێنا کە دەکرێ بڵێین ناوبراو یەکێکە لە دۆزەرەوەکان حسابی تەواوکاری و جیاکاری "التكامل و التفاضل". هەروەها پاسکال پڕۆژەیەکیشی دانا بۆ گواستنەوەی هاوبەش لەنێو شاری پاریس داو، حەزی دەکردکە سودو قازانجی ئەم کارە بۆ هەژارانی "بلوا" تەرخان بکات. ئەوە بوو سەرەتا مەسەلەکە بە چاکی بەڕێوەچوو، بەڵام بەرهەڵستیکردنی لەلایەن هەندێ لە خاوەن بەرژەوەندییەکانەوە پڕۆژەکەی فەشەل پێهێنا.

لە 9ی ئاداری 1661دا (مازاران)[9] کۆچی دوایی کرد. دوای چەند ڕۆژێك لە مردنی ناوبراو جارێکی دی ڕێو شوێنی توند لە دژی پۆرڕۆیال کە دوابەدوای موعجیزەی درکە پیرۆزەکە بە هۆی دەستێوەردانی شاژن و کاردینالەوە تەواو ڕاوەستابوو، پەرەی سەندەوە. لە پاش پرۆتیستۆکردنی جانسینیوس یش بەیاننامەیەك ئامادەکرا کە دەبوو هەموو دانیشتوانی پۆرڕۆیال بۆ دەربڕینی ڕەزامەندی خۆیان لەسەر ئەو پرۆتیستۆیە ئیمزای لەسەر بکەن. ئیدی پۆرڕۆیال پارس بە گوێی ئامۆژگاری ئارنۆیان کردو

بەیاننامەکەیان ئیمزاکرد، بەڵام پۆڕڕیال دی شان و بە تایبەت جاکلین پاسکال ملی نەداو نووسی: "لەبەرئەوەی کە مەترانەکان وەکی ژنان دلاوەرین، دەبێ ژنانیش وەکی مەترانەکان ئازابن". بەڵام بە هۆی دەستێوەردانی چەند لایەنێکەوە بە پێچەوانەی خواستی جاکلینەوە ئیمزا لەسەر بەیاننامەکە کراو، ئەویش لە دوای سێ مانگ لەو ڕووداوە لە تەمەنی سیو شەش ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. جاکلین خۆشەویسترین کەسی پاسکال بوو، وەختێك کە پاسکال هەواڵی مردنەکەی بیست هەر ئەوەندە لەسەری دووا کە وتی: "خودا ئەو چەشنە مردنە چاکە بە ئێمەومانانیش ببەخشێ".

لە دوای ئیمزاکردنی بەیاننامەکە، دوژمنانی پۆڕڕۆیال ویستیان زیاتر پرۆتیستۆی جانسینیوس و بنەمای یارمەتی کارا "العون الفعال" بکرێت. ئیدی لەم کاتەدا پاسکال ئەمەی ڕەتکردەوە کە بە پێچەوانەی ڕاستگۆیەتی مەسیحیی دەزانی کە دەڵێ: پێویستە بە گوێی خودا بکەین بێئەوەی کە چاوەڕوانی ئەنجامی گوێڕایەڵیەکەمان بین. بەڵام لە مشتومڕێکدا کە لە نێوان پاسکال و لە نێوان ئارنۆو

نیكۆل و كەسانێكی تری سەردارانی پۆرڕویالْ دا كرا پاسكال گوناهبار كرا. ئەودەمە پاسكال هەوڵی زۆری دابوو بۆ زاڵبوون بەسەر نەخۆشیەكەیدا تاوەكو ئامادەی كۆبوونەوەكە بوو، وەختێكیش چاوی كەوت بە: "شلۆقی ئەو كەسانەی كە خودا بەزانینی هەقیقەت خۆشیویستن و پێویستە داكۆكی لێ بكەن" ئیدی بورایەوەو لە هۆش خۆی چوو.

باری تەندروستیشی خراپتر بوو. "بەردەوام نەخۆش دەكەوت". چیدی نەتوانای ئیشكردن و نە توانای بینینی كەسی نەما، هەر بۆیە خرایە ژێر سیستەمی چاودێری وردەوە. هەرچەندە "هەستی بە قێزو بێز دەكرد" بەڵام هەرچیەك كە داوای لێكرا بیخوات پەسە ندی كردو خواردی. بەردەوام خەریكی كپكردن و دامركاندنەوەی هەستەكانی خۆی بوو، لە جاران زیاتر دەست گیرۆیی هەژارانی دەكرد. بەر لە مردنی بە سێ مانگ تووشی كیژێك بوو كە داوای خێری لێكرد. كیژەكە ماوەیەك بوو باوكی مردبوو دایكیشی لە نەخۆشخانەی "ئوتێل دیو" كەوتبوو. پاسكال بە مەرجی ئەوەی كە ناوی نەبرێ بژێوی كیژەكەی دابین كردو ئەركی بەخێوكردنەكەیشی سپارد بە مەترانێك. هەروەها لە ماڵەكەی خۆیدا

میوانـــداری "پیـــاوێکی ســـادەو ســـاکارو خـــێزان و منداڵەکانی کـردو هۆدەیـەکی بـۆ تـەرخانکردن و بـێ پاداشـت و لـە ڕاهـی خـودا دارو چیلکـەی سـوتاندنی پێدەدان".

لـە دوای تێپـەڕبوونی سـێ ڕۆژ بەسـەر مانـەوەیدا لەلای خوشکەکەی، ڕیخۆڵەی تووشی ئێـش و ئـازارێك بوو کەبە هیچ شتێك ڕانەدەگیرا. ئەویش لـەم کاتـەدا پـێ لێناو ویسـتی قوربـانیی پـیرۆز وەربگـرێ. بـەڵام پزیشکەکان ڕێگەیان پێنەدا چونکە نەیاندەویست کە بە ڕۆژو بێت. هەربۆیە ئەویش لەم کاتەدا داوای کرد کە کەسێکی هەژاری نەخۆش بهێنرێو لـە لایـەوە لـە هـەمان هـۆدەدا بخـەوێنرێ و هـەمان مامەڵـەی ئـەوی لەگەڵدا بکرێـت. لەبـەر ئەسـتەمێتی جێبـەجێکردنی ئەم داخوازیە ویسـتی بیگوێزنـەوە بـۆ نەخۆشـخانەی نەخۆشیە بێچارەسەرەکان بۆ ئەوەی لەوێندەر لەنێو هەژاراندا بمرێ. ئیدی تـا دەهـات ئێـش و ئازارەکـانی توندترو سەر ئێشەکەیشی زیادی دەکرد. لە حەڤدەی مانگی ئاب دا داوای کرد کە پشکنینێکی پزیشکیی بـۆ بکرێت بەڵام هەر لەدەست ڕاڕایـی ڕزگـاری نـەدەبوو. لـە دوای پشـکنینەکە پزیشـکەکان دڵنیایـان کـــرد کـــە

هیچ مەترسیەك لەسەر ژیانی لە ئارادا نیەو ئـەویش متمانەی بە قسـەكانیان نـەكردوو تكـای لـە كچەكـەی خوشكەزای خۆی كرد كـەبنێرێ بـە دوای یـەكێك لـە پیـاوانی ئـاینیدا بـۆ ئـەوەی بێـت شـەو بەدیاریـەوە بمێنێتەوە. لە دەوروبەری نیوەشەودا لـەرزێكی تونـد دایگـرت، دەوروبەرەكـەی وایـانزانی كـە بـەبێ وەرگرتنی نهێنیەكانی قوربانیی پیرۆز گیـانی سپارد. بـەڵام پـاش ماوەیـەك وەك بڵـێی بـە قودرەتـی موعجیزەیـەك لەرزەكـە نـەماو هاتـەوە هۆشـی جارانی خۆی.

پاسـكال لـەم حاڵـەدا بـوو كـە كەشیشـەكە بـە قوربانیـە پیرۆزەكـەوە هاتـە ژوورەوەو وتـی: "ئـەوەتا ئەو شتەی كە داوات كرد". پاسكالیش هەستایە سـەر ئەژنۆ، وەختێكیش كە كەشیشـەكە لـە بـارەی نهێنیـە سـەرەكیەكانی ئیمـان پرسـیاری لێكـردن لـە وەڵامـدا وتـی: "بـەڵی گـەورەم، بـە هـەموو ئـازای گیانمـەوە ئیمانم بە هـەموو ئەوانـە هەیـە". ئینجا بـۆ دواجـار دەسـتی هێنـا بـە سـەریدا extremeonction و ئـەویش سوپاسی كەشیشەكەی كردو وتی: "دەبـا هەمیشـە لـە پـەنای خـوادا بم". جارێكی دی لـەرزی بـۆ هاتـەوەو لەرزەكە درێژەی كێشـا هـەتا لـە دوای بیسـت و چـوار

کاتژمێر لە 9ی ئابی 1662 و سەعات یەکی سەر لە بەیانی تەمەنی سیو نۆ ساڵ و دوو مانگیدا کۆچی دوایی کرد.

لە توێکاری کردنی لاشەکەیشیدا دەرکەوت کە لە هەناویدا تووشی گانگرین بووبوو. هەروەها پزیشکەکان بەدییانکرد کە پاسکال خاوەن مێشکێکی زەبەلاحە. هاوکات لە هەناویدا: "لە بەردەم سکۆڵەکاندا دوو خاڵی پڕ لە خوێنی مەیوی بۆگەن کردوو لەگەڵ سەرەتای تەشەنەسەندنی گانگرین)یان بەدیکرد.

پاسکال لە وەسیەتنامەکەیدا نووسیبووی: (حەزدەکەم لەسەر خواستی خۆم لە کڵێسای سانت ئیتیان دۆ مون لە شاری پاریس بنێژرێم). ئیدی ڕۆژی دوو شەممە بەرواری 21ی ئاب کاتژمێر دەی سەرلەبەیانی لەسەر خواستی خۆی لە کڵێسای سانت ئیتیان لەلای خوارووی یەکەم کۆڵەکەی میحرابەکەدا بە خاک سپێردرا.

ئەسکی دووەم

فەلسەفەی پاسکال

ئەگەر فەیلەسوف کەسێك بێت کە لە لایەك ڕێبازێکی توندوتۆڵ دابنێ‌و، لە لایەکی تر توانای پێشکەشکردنی چارەسەری بۆ هەموو ئەو مەسەلانە هەبێ کە لە توانای چارەسەردان، ئەوا بێگومان پاسکال فەیلەسوف نیە. بەڵام وەکی ئە. ڕێنان دەڵێ ئەگەر: (بیر بایەخێکی پیرۆزانە بە هەموو شتێك بدات) و بیرمەند (هەرچییەك بێت بابەتی بیرکردنەوەکەی)، ئەوا پاسکال نەك هەر فەیلەسوفە بەڵکە یەکێکیشە لەو کەسانەی کە دروست خاسیەتێکی بەرهەمەکانی ئەوەیە کە زیندوو پڕ واتان.

بە باوەڕی ئێمە تەنها ئەو کاتە دەتوانین بیرۆکەیەکی گشتی دەربارەی ئەم بەرهەمە گەڵاڵە بکەین کە تیایدا دووبەش لە یەکدی جیابکەینەوە

بەم جۆرە: بەشێك، گەر ڕاستبێ بڵێین، سەرەکی کە دواجار ڕۆشنترین تێڕامان و دیارترین ئەندێشەکانی لە دەوری ڕیز بوو، بەشێك، گەر ڕاستبێ بڵێین، لقەبەش کە تیایدا ژیرانەو چابوکانەو بە ڕەوانبێژیەکی دانسقە لاقەی کۆمەڵێك بابەتی فرە چەشن دەکات.

ئێمە لەم کتێبەدا بە تایبەتکاری بایەخ بە بەشی سەرەکی بەرهەمەکانی پاسکال دەدەین، چونکە بەشە لاوەکیەکان پێویستیان بە شیکردنەوە و ڕاڤەکردن نیە.

بەشی یەکەم

تەوەری بایەخدانەکانی پاسکال:

ئەخلاق

با سەرەتا هەوڵبدەین تەوەری بایەخدانەکانی پاسکال هەڵێنجین.

پاسکال بە شێوەیەکی تەواو ڕۆشن ئەوەی بۆ بەیان کردووین. گرفتی سەرەکی سەبارەت بە مرۆڤ ئەوەیە کە بزانێ پێویستە چۆن چۆنی هەڵسوکەوت و ژیانی خۆی ڕێکبخات. جا ئەگەر هەموو شتێك بزانێو لەم خاڵە نەزانێ ئەوا جوانیی (کمالی) دەستگیر دەبێ و پێداویست (ظروری) لە کیس دەچێ. ئەگەریش تەنهاو تەنها پێداویستیی دەستگیر بوو ئەوا گەنجینەیەکی دەستخستووە کە ئیدی پێویستی بە هیچ شتێکی دیکە نابێ. "لە زانستی شتە دەرەکیەکاندا شتێك بەدی ناکەم کە لە کاتی تەنگانەدا دڵنەوایی نەزانیم لە ئەخلاقدا بداتەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە لە زانستی ئەخلاقدا شتێك بەدی دەکەم کە دڵنەوایی نەزانیم لە شتە

دەرەکیــەکاندا بداتــەوە". کەواتــە تەنــها هــەر ئـــەم زانستە شایانی بایەخدانە.

لە ڕاستیدا زۆربەی ئەو فەیلەسوفانەی کە پێش پاسکال هاتن دەرکیان بەم مەسەلەیە کرد. بەڵام ئەوەی کە بۆ ئەوان نەڕەخسا چی بوو؟

فەیلەسوفانی دێرین

فەیلەسـوفانی کـۆن ڕووبـەڕوی ئـــەم مەســـەلەیە بوونەتـەوەو پەرۆشـی ناسـاندنی چاکـەی بـاڵا "الخـیر الأسمـــــى" "SouverainBien" بـــوون بـــە هـــــۆی ئامرازگـەلێکی ئەقڵانیـەوە. بـەڵام تەنـها تاقـە یـەك ئـەنجامیان دەسـتگیر بـووە کـە ئـەویش ئەمەیـە: بـە جیاوازییـان لـە بۆچوونـدا دەریانخسـت کـە تـــەواو بێتوانان لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەدا.

پاســکال ئـــەو پێناســـە هەمـــەجۆرو لێکدژانـــە دەهێنێتـەوە یـاد کـە ئـەو فەیلەسـوفانە پێشـنیاریان کـردووە، ئینجـا سەرسـامی خـۆی دەردەبـڕێو دەڵـێ: "یـەکێك لـەو فەیلەسـوفانە دەڵـی چاکـەی بـاڵا لـە ڕەوشــت بەرزیدایــە، یــەکێکی تــر پـــێی وایـــە لـــە لەزەتدایــەو، یــەکێکی دی لــە زانســتی سروشــت و،

کەسێك لە حەقیقەت و، کەسێکی تر لە نادانی تەواوو، کەسانێکی تر لە بەرەنگاربوونەوەی دیاردەکان و، بە بڕوای هەندێکی تر لە تێڕانەمان لە هیچ شتێکدایە. گومانخوازە ڕاستەقینەکانیش باوەڕیان وایە کە لە دڵنیایی و گومانی بێبڕانەوەدایە.

کەسانێکی تریش پێیان وایە کە بە ئەنجامێکی باشتر گەیشتوون. پەکوو لەو ئەنجامە!"

فەیلەسوفانی نوێ

هەرچی فەیلەسوفە تازەکانیشە بەختیان لە بەختی دێرینەکان باشتر نەبوو.

مۆنتانی بەپێی پێویست و بە توندی ڕەخنەی لە ئەقڵی مرۆیی گرتووە، بەڵام لە مەیدانی زانستی ئەخلاقدا سست و لاواز بووە. چونکە ئەوەتا ستایشی (نادانی و دوورەپەرێزی) و مەیلی حوکمدان لەسەر چاکە خوازی و خراپەخوازی بە گوێرەی دیاردە سەرەتاییەکان و دڵسۆزیی بۆ سوننەتێك دەکات کە تەنها لەبەرئەوەی سوننەتە بۆیە دەبێ پێڕەو بکرێ.

ئەمە بە بڕوای پاسكال لوتكەی بێئەخلاقییەو، شایانی چەخماخەی توڕەبوونێتی. لە كاتێكدا كە دیكارت دەخوازێ لە ڕێگای میتافیزیكایەكەوە مەسەلەی ئەخلاق چارەسەر بكرێ كە ڕێگای دانانی فیزیایەك بدات و ئەم فیزیایەش بواربدات بە دامەزراندنی میكانیك و پزیشكیی و زانستی ئەخلاق. مادامەكی ئێستایش مەسەلەكە بەو جۆرە نیە، دەبێ بە ئەخلاقێكی كاتی بەس بكەین. بەڵام هاوكات خاسیەتێكی دیكارت ئەوەیە كە (نەزۆك و سەرسام)ەو لە خواپەرستیەكەیدا بەدگومانە: "حەزی دەكرد گەر بیتوانیایە لە هەموو فەلسەفەكەی خۆیدا دەستبەرداری خوابێت، بەڵام پێویستی بە پاڵنەرێكی بزوێنەر هەبوو". كەواتە با لەم چەشنە ڕێگایانە دووربكەوینەوە.

سەبارەت بە گەورە نوێنەرانی ئەخلاقی مەسیحیی، هەقی خۆیانە كە مەسیحیی بن بەڵام هەندێكیان پێیان وابوو كە دەبێ بۆ گونجاندنی ئیمانی مەسیحیی خۆیان، بیناگەلێك لە بەناو مشتومڕی ئەقڵانی دابمەزرێنن. ئەمانە پێیان وابوو كە كۆمەڵێك بەڵگەی فەلسەفیان پێیە لەسەر بوونی خودا، نەمریی ڕۆح و، خەسڵەتی پیرۆزیی هەستی

ئەخلاقی و پاشان لەسەر پێداویستی بوونی ڕێسای هەڵسوکەوتێکی دیاریکراو. وایاندەزانی کە بەم شێوەیە خزمەتی ئایین دەکەن، بەڵکە تەنانەت هەندێکیان زۆر لەمەش دوورتر ڕۆیشتن، ئەم هەندە نەك هەر بە هیوای ئەوە بوون کە ڕێبازێکی تر شانبەشانی ئایینی باو دروست بکەن کە باوەڕی بە بوونی خودا هەبێ‌و باوەڕی بە بوونی وەحی نەبێ، بەڵکە ئومێدیشیان وابوو کە ئایینی باو لابرێ و ڕێبازی ناوبراو* لە جیاتی دابنرێ.

گومان لەوەدا نیە ئەو کەسانەی کە بەم ئاراستەیەدا دەڕۆن لە خەڵکانی نیازپاکن. بەڵکە گومانیش لەوەدا نیە کە هەندێ لە بەڵگەکانیان بەسە بۆ ئەو کەسانەی کە پێشان ئیماندار بوون چونکە دڵ و دەروونیان بە ئیمان ئاوەدانە. بەڵام بۆ بێ‌ئیمانە گومڕاکان چ بەهاو نرخێکی هەیە؟ لە ڕاستیدا کڵێسا سەرزەنشتی ئەم ڕێبازە دەکات و بە ئەندازەی (قینی لە کوفر) قینی لێیەتی‌و، لەمەدا لەسەر هەقیشە.

---

* deisme ڕێبازی خواوەندێتی، ئەوانەی کە باوەڕیان بە بوونی وەحی نیە.

لەسەر هەقە. لە لایەك چونكە لە ڕاستیدا مشتومڕەكانی خاوەنەكانی ئەم ڕێبازە ئێجگار سست و لاوازە، چونكە ئاشنایی خۆیان بە سروشت دەكەنە خاڵی دەستپێكردن و بە سەرنج ڕاكێشان بۆ ئاسمان و (مەل و باڵندەكان) لافی سەلماندنی بوونی خودا لێدەدەن. پاسكال دەڵێ: "ئەگەر من سەرسام بم، بە جورئەتی قسەو باسی ئەو كەسانە سەرسامم كە باسی خوا دەكەن. وەختێك كە ڕووی قسە دەكەنە بێ ئیمانەكان، بە بەڵگەهێنانەوە لەسەر ئەو بونەوەرانەی كە لە سروشت دان دێن و خودایەتی (الالوهیة) دەسەلمێنن، ئەوانە ئەگەر قسەكانیان ئاراستەی ئیماندارە چاكەخوازەكان بكردایە ئەوكاتە من لە هەوڵەكانیان سەرسام نەدەبووم. چونكە هەر كەسێك كە دڵ و دەروونی بە ئیمان ئاوەدان بێ دەسبەجێ دەزانێ كە هەرچی شتێ كە لە بووندا هەیە دروستكراوی دەستی خودایە، بەڵام بۆ ئەوەی كە گومڕاكان بێنە سەر ڕێگای ئیمان، ئێمە بێین و بڵێین سەرنج لە سادەترین شت بدەن بە ئاشكرا ڕووخساری خودای تیادا بەدی دەكەن و..

تاقه بەلگەیەکیشمان بۆ ئەم بابەتە گەورەو مەترسیدارە، خولانەوەی مانگ و هاتووچوونی ئەستێرە گەڕۆکەکان بێو..

لافی ئەوەش لێبدەن کە بەمجۆرە وتارە بەلگەکەمان گەیشتۆتە ئەوپەڕی سنوری کاملێ..

مانای وایە هانیان دەدەین وا باوەڕبکەن کە ئایینەکەمان پشت بە برێك بەلگەی لاواز دەبەستێ".

لە لایەکی دیکەوە لەسەر هەقە چونکە ئەگەر ئێمە داوا لە خەلکی بکەین کە بێن و گفتوگۆ لەسەر خودا بکەن ئەوا خۆیان لە هەندێ دلنیابوون دوورەپەرێز ناگرن. باوەڕبوون بە بوونی خودا مانای گوێڕانەگرتنە بۆ پالپێوەنەرەکانی گومان، مانای باوەڕبوونە بە شتێکی نادیاری داخراو. "تەماشای هەر لایەك دەکەم تەنها هەر تاریکیو نوتەکی دەبینم، هەرچی شتێ کە لە سروشتدا هەیە جێی گومان و مایەی نائارامیە. ئەگەر من هیچ شتێکم نەبینیایە کە بەلگەبێ بۆ بوونی خودا ئەوا لەسەر نکولێکردن سوردەبووم. ئەگەر لە هەموو جێیەکیش بەلگەیەکم لەسەر بوونی خودا ببینیایە ملم دەدا بۆ ئیمان. بەلان من لە حالێکدام کە شایانی بەزەیی

پیاداهاتنەوەیـە چونکـە زۆر لـەوە زیـاتر دەبینـم کـە بـواری نکوڵیکـردن بـدات و کـەمتر لـەوەش کـە بـواری دڵنیـایی ببەخشـێ". ئەگـەر لەمـەیش زیـاتر دوور بکەوینـەوە ئەوکاتـە دەبـێ بـە ناچـاری دان بـەم مەسەلەیەدا بنێین: "ئەگەر خودایەك بوونـی هـەبێ، ئەقڵـەکان نـاتوانن دەرکـی پـێ بکـەن چونکـە بـێ کـەرت و بـێ سـنورەو، هیـچ پەیوەندیـەکی لەگـەڵ ئێمەدا نیە. کەواتە ئێمە ناتوانین کە بزانـین چیـەو، کە ئایا بوونی هەیە یان نا".

پەکوو لەم ڕێگا سەیرو سەمەرە کە ئەقڵانیەکانی ڕێبـازی خوداخـوازی دەیگرنەبـەر! ئەمێسـتا ئەگـەر ئێمـە بمانـەوێ بنـەمای ئـایین توندوتـۆڵ بکـەین و قەناعەت بە کافرەکان بهێنین و ڕێسای ئـەخلاقێکی تۆکمە دابڕێژین، پێویسـتە خۆمـان لـە زمـانی ئـەوان بەدووربگرین و بە زمانێکی دیکە بدوێین.

بەڵام بە چ زمانێك؟ ئەگەر ئێمە لـەوە بـەئاگابین کەلـە کتێبـی (پۆلێنکاریـە فەلسـەفیەکان) و لەسـەرنجەکانی کتێبـی (ستایشـی مەسـیحیەت)ی پاسـکال دا هـاتوون، یەکڕاسـت دەرك بـەو زمانـە دەکەین. شایانی باسە ئەو سەرنجانە لـە دوای مردنـی پاسکال لەژێر ناونیشانی (ئەندێشە)دا بڵاوکرانەوە.

بەشی دووەم

شێوازەکانی لێکۆڵینەوە

ئەگەر لەو هەوڵانەی مرۆڤ وردبینەوە کە بۆ چەسپاندنی بناغەی زانینەکانی خۆیان داویانە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەسێ جۆر لە هەوڵ لە ئارادا هەن بەم شێوەیە: ئامانجی هەندێ لەو هەوڵانە سەلماندنی هەندێ ڕاستیە بە شێوەیەکی پێشوەختانە، ئامانجی هەندێکی تریان چەسپاندن و دڵنیابوونە لە هزرەکانی نێومێشك لە ڕێگای تاقیکردنەوەوە بە شێوەیەکی درێژخایان، دواجار هەندێکیشیان ڕێنومایی بەم بیرۆکەیە دەکەن: چەند سەرچاوەیەك هەن بە بەڵگە دادەنرێن و پێویستە باوەڕیان پێ بکرێت. لە ڕاستیدا سێ سەرچاوە هەن کە پێویستە کەڵکیان لێوەربگیرێت، بەڵام هەمان بەهاو نرخیان نیەو نابێ بە هەمان شێوە بەکاربهێنرێن.

له ماتماتیك دا

لەم مەیدانەدا تاقیکردنەوەو بەلگە وەك یەك بێ سـودن. چونکـە مەسـەلە ماتماتیکیـەکان کۆمـەڵێك ڕاسـتیی ڕووتـن کـە گەوهـەرو یاسـای خۆیـان هەیـە. تەنـها لـە ڕێگـای مشتومڕیشـەوە دەتوانـین تایبەتمەندیـەکانیان دەسـت نیشـان بکـەین، بـەڵام بـۆ ئەم دەست نیشانکردنە پێویستە بە دانانی کۆمـەڵێك پێناسـەو پرەنسـیپ و بەلگەنەویسـت دەسـت پـێ بکـەین. لـە دوای ئـەم مشـورخواردنەش هیـچ شـتێك هێندەی سەلماندنی ڕستێك لە مەسەلە ئاسانتر نیە.

لـە ڕاسـتیدا وەکـی پاسـکال دەڵـی لـەم مەیدانـەدا نموونەی باڵا ئەوەیە کە پێناسەی هەموو چەمکـەکان بکەین و گشت مەسەلەکانیش بچەسپێنین. بەڵام ئەم نموونە باڵایە قابیلی بەرجەسـتە بـوون نیـە، چونکـە لە ڕاستیدا ئێمە شتێك بە هۆی شتێکی ترەوەو شـتی دووەمیـش بـە هـۆی سـێیەم و سـێیەمیش بـە هـۆی چوارەمـەوە پێناسـە دەکـەین. هەڵبەتـە لـە پێناسەیەکیشەوە بۆ یـەکێکی دی دەگەینـە سـنورێکی سەرەتایی کـە نـاتوانرێ بگەڕێنرێتـەوە بـۆ سـنورێکی سـادەتر، کەواتـە قـابیلی پێناسـەکردن نیـە. هـەروەها

ناشـــتوانرێ هـــەموو مەســـەلەکان بســـەلمێنرێ. مەسـەلەکان سـەلماندن قبـوڵ دەکـەن مادامـەکی ئێمـە دەتوانـین ئـەوە بچەسـپێنین کـە بـۆ ئـەوەی بتوانـرێ پێشـنیار بکـرێ پێویسـتە پێشـنیاری مەسـەلەیەکی ئێجگار سادەتر و زۆر ئاشکراتر بکرێت، یـاخود دەبـێ پێناسـەیەك پێشـنیار بکرێـت کـە ڕێککـەوتن هـەبێ لەسـەری. هـــەر بۆیـــە دیســـان لێرەشـــدا نـــاتوانین بێ سنور بڕۆین.

کەواتـە شـێوزاە نموونەییەکـە، واتـە شـێوازی: (پێناسەکردنی هەموو شـتێك و چەسـپاندنی هـەموو شتێك) لە توانای ئێمەدا نیـە. بـەڵام خـۆ ئێمـە لانـی کەم دەتوانین هەموو ئـەو شـتانە پێناسـە بکـەین کـە دەتوانرێ پێناسە بکرێـن، واتـە هـەموو ئـەو شـتانەی کە ئێجگار زۆر سادە نین، هەروەها هەموو ئەو شتانە بسەلمێنین کە دەتوانرێ بسەلمێنرێن، واتە هەموو ئەو شـتانەی کـە دەتوانـرێ بگەڕێنرێنـەوە بـۆ کۆمـەڵێك توخمی سادەتر، بەڵی دەبێ لە ماتمـاتیکدا بـەو جـۆرە بکـرێ. مادامـەکی کـە هـەر لـە سەرەتاشـەوە مشـوری خۆمـانی بـۆ دەخۆیـن، کەواتـە تیـایدا سـەرکەوتوو

دەبین. پاسکال ئەو مشورخواردنە لە سێ گروپە ڕێسادا کورت دەکاتەوە بەمجۆرە:

أ-ڕێسا بۆ پێناسەکان:

1-نابێ پێناسەی هیچ شتێك لە شتە زانراوەکان بکەین بە ئەندازەیەك کە هەرگیز دەستەواژەی ڕۆشنترمان لەلا نەمێنێ بۆ ڕاڤەکردن.

2 -نابی هیچ دەستەواژەیەك لە دەستەواژە ناڕۆشن یاخود دردۆنگەکان بێ پێناسەکردن جێ بهێڵین.

3-دەبێ لە پێناسەکردنی دەستەواژەکاندا وشەی تەواو ناسراو یاخود پێشوەخت ڕاڤەکراو بەکاربهێنین.

ب-ڕێسا بۆ پرەنسیپەکان:

1-نابێ هیچ پرەنسیپێك لە پرەنسیپە پێویستەکان، ئیدی هەرچەندێك ڕۆشن و بەلگەنەویستیش بن، بەبێ پرسیارکردن لەوەی کە ئایا قبوڵی بکەین یان نا جێبهێڵین.

2-پێویستە تەنها شتە تەواو بەلگەنەویستەکان بکەین بە پرەنسیپ.

ج-ڕێسا بۆ بەڵگەکان:

1-نابێ بەڵگە بۆ هیچ شتێك لە شتە بەڵگەنەویستەکان بهێنینەوە بە ئەندازەیەك کە هیچی لەوە ڕۆشنترمان لەلا نەمێنێ بۆ سەلماندن.

2-پێویستە هەموو مەسەلە ناڕۆشنەکان بسەلمێنرێ، دەبێ لە بەڵگە بۆ هێنانەوەو سەلماندنیشیدا تەنها پرەنسیپی بەڵگەنەویست یاخود ئەو پرەنسیپانە بەکاربهێنین کە لەوەپێش پەسەندکرابن یاخود سەلمێنرابن.

3-پێویستە لە ڕووی ئەقڵیەوە شتە زانراوەکان بگۆڕین بە پێناسەکراو، بۆ ئەوەی بەهۆی دردۆنگی دەستەواژەکانەوە کە پێناسەکان بەرتەسکیان کردوونەتەوە نەکەوینە هەڵەوە.

ئەمانە ئەو ڕێسایانەن کە پەرنسیپی بەڵگە تۆکمەو چەسپاوەکان دەگرێتە خۆ".

لە فیزیك دا

لە ڕاستیدا، تاقیکردنەوە ئەو ڕووداوانەمان پێشکەش دەکات کە پێویستە فیزیك زانین و ڕاڤەکردنی بکات بە ئامانجی خۆی. هەروەها ئەگەر

بمانــەوێ لــە بــەهای ئــەو گریمانانــە دڵنیــابین کــە کردوومــانن، دیســان پێویســـتە بگەڕێینـــەوە بـــۆ تاقیکردنـــەوە. هـــەر لێکۆڵینەوەیـــەك لـــە دەرەوەی بازنەی تاقیکردنەوەدا جۆرێکە لە شێتیی. کاتێك کە کەسـێکی وەکـی دیکـارت لافـی ئـەوە لێـدەدات کـە یاساکانی جوڵـە (قوانـین الحرکـة) لـە سـیفاتەکانی خـوداوە دەردێنـێ، هەڵەیـەکی میتۆدییانـەی هێنـدە زەق دەدات کـە لێبوردنـی بـۆ نیـە. "نهێنیـەکانی سروشـت شـاراوەن. ئەگــەرچی سروشـت هەمیشـە کاریگەری بەردەوامی خۆی دادەنێ، بەڵام ئـەوە ئێمـە نـین کـە هەمیشـە کاریگەریـەکانی کەشـف دەکـەین. ئـەوە زەمەنـە کـە لـە سـەردەمێکەوە بـۆ یـەکێکی تـر کاریگەریـــەکانی کەشـــف دەکـــات، هـــەرچی ئـــەو تاقیکردنەوانەیشـــە کـــە بـــواری تێگەیشـــتن لـــە سروشــتمان دەداتــێ، بــە بــەردەوامی زیــاد دەکــەن. لەبەرئەوەی کە ئـەم پرەنسیپانەش تاقـە پرەنسیپی فـــیزیکن هەربۆیـــە بـــە زیـــادبوونی ئـــەوان دەرەنجامەکانیش زیاد دەکەن".

پاسکال بە تیۆرەی تاقیکردنـەوە دەست پێناکات، بەڵکو کارێکی لەمە باشتر دەکات، خـۆی ڕۆڵـی زانـای فـیزیك دەگێڕێ. هـەمووان گریمانـەکانی تایبـەت بـە

قورسایی هەوا، ڤین لە بۆشایی و، لولە (أنبوب)ی تورشیلی دەزانین. خودی پاسکال خۆی، کە ڕەنگە بە کاریگەری دیکارتیش بووبێ، تاقیکردنەوەی بورجی (سان جاك)ی داهێناو جێبەجێشی کرد، هەر پاسکالیش بوو کە داوای لە (بیرێ) کرد تاقیکردنەوە بەناوبانگەکەی (بوی دی دوم) جێبەجێ بکات و، هەموو ئەو کارانەیشی بۆ بەیانکرد کە پێویستە لە پێناو سەرکەوتنی تاقیکردنەوەکەیدا بیکات.

ئەگەر (ئوزو) داهێنەری تاقیکردنەوەی (بۆشایی لە بۆشایی)دا بێ کە مەسەلەیەکی مێژوویی ناڕۆشنە ئەوا بە دڵنیاییەوە پاسکال بەشداری تیادا کردو ئەنجامەیەکلاکەرەوەکانیشی لە تاقیکردنەوەکانی (ڕوان)ەوە دەرهێنا. ئەمانە هەمووی تیۆرەی هاوسەنگی شلەکان و تیۆرەی قورسایی هەوای لێکەوتەوە. ئیدی بۆ یەکەمجار لە مێژوودا بینیمان کە ماتماتیك و فیزیك پێکەوە یەکدەگرن تاوەکو تێڕوانینێکمان سەبارەت بە یاساکان و ڕەوتی سروشت پێشکەش بکەن.

له لاهوت دا

ئەگەر ماتماتیك تەنها پشت لە مشتومڕ ببەستێ بە شـێوەیەکی پێشـوەختانەو، فـیزیکیش تەنـها بـە تاقیکردنـەوە، ئـەوا مەسـەلەگەلێك هـەن کـە پشـت بـە سـەرچاوە بەلگـە (المرجـع الحجـە) دەبەسـتن. "ئەگـەر بمانەوێ بزانین کێ یەکەمین پادشای فەرەنسیەکان بوو، جوگرافیاناسەکان بازنەی نیوەی ڕۆژ Meridien لە کوێدا دادەنێن، ئـەو وشـانە چـین کـە لـە زمـانێکی مـردوودا بەکاردەهێنرێن و، هەموو شـتە هاوشـێوەکانی تـر، جگـە لـە کتێـب چ ئـامرازێك وەڵامـی ئـەم پرسـیارانەمان دەداتـەوە؟ کـێ دەتوانـێ شـتێکی نـوێ سـەرباری زانیاریەکانی ئەم کتێبە بکات کە ئێمە تەنـهاو تەنـها بـە زانیاریەکانی نێوی بەس بکەین؟ تەنها سـەرچاوە بەلگـە دەتوانێ شتەکانمان بۆ ڕۆشن بکاتـەوە". ئەگـەر کەسـێك وەك شـاهیدێك شـتێکی بـۆ هێنـاین و ئـەو کەسـە جێـی متمانـە بـوو، هـەر ئـەوەندە بەسـە تـاوەکو لـەم جـۆرە بابەتانـەدا قەناعـەت بکـەین. ئەگـەر سـەرچاوە بەلگەش نەما ئەوا دەبێ بێدەنگی لێبکەین.

کوتومت ئـەوەی کـە لـە لاهـوت دا ڕوودەدات هـەر ئەمەیە. ئایا ڕاستە کـە خـودا لـەلای شـاخی سـینا بـۆ

موسا دەرکەوت؟ ئایا ڕاستە کە مەسیح دەستکردی موعجیزەیە؟ ئایا ڕاستە کە لە خاچ درا؟ خودا بە سروش چی نارد بۆ موسا؟ مژدەی چیدا بە مەسیح؟ بەبێ سەرچاوە بەڵگە ئەم مەسەلانە چۆن بزانین؟ "لە کایەی لاهوت دا سەرچاوە بەڵگە هێزی خۆی دەبینێ، چونکە لەم کایەیەدا پێویستیەکە بۆ هەقیقەت و، هەقیقەت بە هۆی ئەوەوە دەزانرێ، بۆ خستنەگەڕی دڵنیایی تەواویش سەبارەت بەو شتانەی کە بەلای ئەقڵەوە گرانن، هێندە بەسە کە لە کتێبە پیرۆزەکاندا پێشچاوی بخەین".

بەم پێیە دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگانە بدەینەوە: باوەڕ بە کامیان بکەین؟ دێرینەکان یان نوێیەکان؟ هەرچی سەبارەت بەو شتانەی کە پشت بە مشتومڕو تاقیکردنەوە دەبەستن، بێگومان بڕوا بە تازەکان دەکەین چونکە لە دێرینەکان زیاتر دەزانن و کەڵك لە لێکۆڵینەوەکانیشیان وەردەگرن. لەم ڕووەوە مرۆڤایەتی لە تاقە مرۆڤێك دەچێت کە هەمیشە دەژی و بەردەوام فێردەبێ. دێرینەکان لە ڕاستیدا وەك لاو وابوون. گوناهی ئەوان لەوەدا نیە کە بەهۆی کەمیی بەڵگەوە بە هەڵەدا چوون، ئەگەر

تەمەنی زیاتریان بۆ بنووسرابایەو هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان بژیابان یەکەمین کەس دەبوون کە شتێکی جیاوازیان دەووت لەوەی کە لە ڕابوردوودا وتیان.

بەلاَم لە مەیدانی لاهوت دا بارودۆخەکە جیاوازە. چونکە ئەو کەسانەی کە لە ڕووداوە گێڕدراوەکانەوە نزیکتر بوون، واتە شاهید عەیانەکان و ئەوانەی کە خێرا کە قسەکەیانی لە دەم گرتونەتەوە، پێویستە لە خەڵکانی تر زیاتر متمانەیان پێ بکرێت. لێرەدا تەنهاو تەنها سەرچاوە بەلگە بەهەند وەردەگیرێ و ڕەچاو دەکرێ. پاسکال سەرزەنشتی هەڵوێستی ئەو کەسانە دەکات کە بە بیانووی سوننەتەوە بەرهەڵستی پێشکەوتنی زانستەکان دەکەن، هەروەها سەرکۆنەی هەڵوێستی ئەو کەسانەش دەکات کە بە بەلگەی پێشکەوتنی زانستەکان بیروڕای نوێ دەهێننە نێو مەیدانی لاهوتەوە، پاسکال دەستەی یەکەم بە نابیناو دووەمیشیان بە ساختەچی و فێڵباز ناودەبات.

کەواتە با ئەرکی خۆمان لەهەر لقێك لە لقەکاندا بزانین و جێبەجێی بکەین بەم جۆرە: مشتومڕی پێشوەختانە لە ماتماتیك دا، تاقیکردنەوە لە فیزیك دا، متمانەکردن بە سەرچاوە بەلگە لە لاهوت دا.

بەشی سێیەم
گومڕایی و ڕێگاکانی

1-ئیماندارن و گومڕاکان

ئـەو کەسـانەی کــە بــە هــۆی لــە دایــك بــوون و پەروەردەکەیانـــەوە دڵیـــان بـــە ئیمـــان کراوەتـــەوە دەسـبەجێ دەزانـن ئـەو سـەرچاوە بەڵگانـە چین کـە پێویستە باوەڕیان پێبکرێت و، بـەم پێیـە ئـەو ڕێسا ئـەخلاقی و ڕۆشـنبیریانەش چـین کـە دەبـێ بخرێنـە بـواری جێبەجێکردنـەوە. ئـەو کەسـانە بـە هـۆی: (پاساوەکانی دڵ کە ئـەقڵ لێـی بێئاگایـە) ئـەو شـتانە دەزانـن، بـەهۆی ئـەو غەریزەیـەوە، کــە لــە حاڵــەتی ئیمـاندا، وامـان لێدەکـات بـەو پرەنسـیپانە ئاشــنابین کەلـە دواییـدا ئـەقڵ دەرەنجامـەکانی لێـوە دەردێنـــێ. ئێمە جگە لە پێکەنین بە حاڵی ئەو چەشنە کەسـانە هیچ چارێکی ترمان نیە.

"چونکە دڵ هەست بە خودا دەکات نـەك ئـەقڵ"[1] ئـای لـە بەختـەوەریی ئـەو کەسـەی کـە بـەم شـێوەیە هەستی پێدەکات!

بەڵام لە تەنیشت ئەو پیاوچاکانەشدا تاقمێکی تر هەیە کە دەکرێ بە دوو بەشەوە:

یەکـــەم، بێدەربەســـتەکان: کـــە گـــوێ بـــە ئاراستەکردنی ژیانی خۆیان نادەن و بە درێژایی ڕێگا لەم مەسەلەیە دوور دەکەونەوە.

دووەم، بێئیمانــەکان: کــە پێداگــری لەســەر بــێ ئیمـانی خۆیـان دەکـەن و، تەنانـەت جاروبـار لافیشـی پێوە لێدەدەن. ئەمێستا ئێمە چی بە هەریەکێك لـەم دوو تاقمە بڵێین؟

تاقمی یەکەم تەنها بیر لە یەك شت دەکەنەوە کە ئــەویش: گەمــەکردن و ڕابواردنــە. ڕەوشــی مرۆیــی ئێجگار ترسناکە بە هۆی ئـەو گومانانـەوە کـە دەوری بنچینـــەی دروســـتبوون و چارەنووســـان و ئـــەو ڕێچکەیـــەی داوە کـــە پێویســـتە بیگرینـــە بـــەر، هەرکەسێك کـە لـەم ڕەوشـە ڕابمێنـێ ناتوانـێ ڕێگـای گێژبوون لە خۆی بگرێو ئارەزووی بـەردەوام بوونـی بۆ ژیان نامێنێ، هەر بۆیە زۆربەی ئەو کەسانەی کە هێزو ئازایەتی بیرکردنەوەیان نیە پـەنا دەبەنـە بـەر گەمـەکردن، یـاری بـە کاغـەز دەکـەن یـاخود گەمـەی بلیارد دەکـەن یـان تـۆپ بـۆ یـەکتری هـەڵدەدەن. ئـەم خۆخافڵاندنـــەش مـــردن و تراژیدیـــای بوونیـــان و

تەنانەت تازەترین و سەختترین خەم و پــەژارەکانیان لەبیر دەباتەوە. "بەمجۆرە ژیـان تێدەپـەڕێ. مـرۆ لـە ڕێگای بەگژداچوونەوەی هــەندێ کۆسـپ و تەگـەرەوە بــە دوای دڵنیــاییدا دەگــەڕێ، ئیــدی هەرکــە بــەزی حەوانــەوە بـاری سەرشــانی قــورس و گــران دەکــات. چونکە ئەوجا بیرکردنـەوەی یـان دەڕوات بـەلای ئـەو بەڵایانــەدا کــە لــە ژیــاندا هــەن، یــاخود بــەرەو تەنگانەکانی کە هەڕەشەی لێدەکەن. کاتێك کە خـۆی لەنێو دڵنیایی تەواودا دەبینێتەوە ئینجا بـێزاری بـە خۆی و دەسە ڵاتە تایبەتەکەیەوە لەنێو قوڵایی دڵـەوە کەڕەگوڕیشـە سروشـتیەکانی لەوێدایـە، هـەڵدەقوڵێ و بیر بە ژەهرەکانی خۆی لێوان لێو دەکات".

پاســـکال بـــە تونـــدی ئـــەو جـــۆرە کەســـانە ئاگادار دەکاتەوە. "ئەو کەسانەی کە بێ ئەوەی بیر لـە ژیــانی دوایـــی (الحیــاە الأخــیرة) بکەنـــەوە ژیـــان بە سەردەبەن، ئەوانەی کـە تەنـها لەبەرئـەوەی لـەنێو خۆیاندا ڕاڤەی قەناعەتپێکەر بەدی دەکـەن گـەڕان و لێکۆڵینەوە فەرامۆش دەکەن، ئەوەیان لەبیردەچێ کە نەمریی ڕۆح یەکێکە لەو بیروڕایانەی کە خـەڵکی بـە متمانەیەکی ساویلکانە پەسەندی دەکەن، یـاخود لـەو

بیروڕایانـەی کـە سـەرەڕای ناڕۆشـنییان، بنـەڕەتێکی چەسـپاویان هەیـە، هـەرچی ئـەو کەسـانەیە مـن تەماشایەکی تەواو جیاواز تەماشایان دەکـەم. چونکـە پشـتگوێ خسـتن لـەم چەشـنە مەسـەلە گرنگـە وابەسـتەیە بـە خۆیـان و بـە نـەمریی و بـە قەوارەیانـەوە پـتر لـەوەی سەرسـامم بکـات تووڕەم دەکات".

هـەرچی بێ ئیمانەکانیشـە پاسـکال قسـەگەلێکی تریان ئاراستە دەکات.

ئەوانـە بەڵگـەی ئـەو کەسـانە دەهێننـەوە کـە موعجیزەکانی ڕابوردوویـان گێڕایـەوەو دەڵێـن: چۆن بـاوەڕ بـەو بـەناو شـاهیدانە بکـەین کـە دوورتریـن شتمان لە باوەڕکردنەوە بۆ دەگێڕنەوە، لـە نموونـەی: ڕاوەسـتانی خـۆر، گۆڕانـی ئـاو بـۆ مـەی، ژیانـەوەی مردوو؟ بەڵکە ئەوانـە زۆر لەمـە دوورتریـش دەڕۆن: چونکـە نکوڵـی لـە بوونـی خودایـەکی چاکـەخوازو ڕۆحێکـی نـەمرو ڕێسایەکی ڕەها بـۆ دادپـەروەری و چاکـەخوازی دەکـەن. ئەگـەر دروسـت خـودا چاکەخوازبێ ڕاڤەمانچی دەبێ بۆ ئەو خراپەیەی کە لـە جیـهاندا هەیـە؟ وێنامـان چۆنـە بـۆ پاراسـتنی

یادەوەری ژیان لە دوای مردن؟ چۆن تێبینی ئەوە ناکەین کە ئەوەی لێرە هەقە لەوێ ناهەقە؟

بەچی وەڵامی ئەو کەسانە بدەینەوە؟

مۆنتانی لە کتێبی Apologie de Raymond de Sebonde دا دەڵێت: "ئەوەی کە بێئیمان دەکاتە بێئیمان فیزی زل و، متانەبوونی ڕەهایەتی بە ئامرازەکانی پرسیارکردن و سەلماندن کە بەکاریاندێنێ،، لوت بەرزیە بێ ئابڕووانەکەیەتی. کەواتە ئەم لوت بەرزیە چ بەهایەکی هەیە؟ ئایا بە تەنها تێنەگەیشتن لە بوونی خوداو نەمریی ڕۆح و خوڵقێنراویی جیهان بەسە بۆ ئەوەی کە ئێمە مافی حوکمدانمان هەبێت لەسەر ئەوەی کە خودا بوونی نیەو ڕۆح لەناودەچێ و دونیاش نەخوڵقێنراوە؟".

سە بارەت بەم مەسەلەیە مۆنتانی دوا قسەی خۆی کرد. هەر ئەوەندە بەسە کە ئێمە بگەڕێینەوە سەر ئەو دارشتانەی کە ئەو کەشفی کرد. پاسکال جگە لە دووپاتکردنەوەی ئەو دارشتانە هیچی تر ناکات. بەلام لە کاتێکدا کە مۆنتانی شەبەنگی زەردەخەنەیەك دەهێڵێتەوە، پاسکال ئاگری لێ دەپژێ.

2-ڕەخنەی هەستەکان و ئەقڵ

کەواتــە ئــەو هەســتە کەشــف کــەرە ســەیرو ســەمەرانە چــین؟ ئــەو زانســتە ســەیرە چیــە کــە بێئیمانەکان پشتی پێ دەبەستن؟

هەستەکانیان؟

مۆنتــانی لــەدوای گومانخوازەکــانی ســەرەتا، ڕەخنەی لە هەستەکان گرتووەو دەڵێ:

"بە هۆی دیـاردە درۆزنەکانـەوە ئـەقڵ لـە خشتە دەبات". ئایا هەمیشە دژایەتی یەکتر ناکەن؟ ئایا بە هــۆی خــەون و خــەیاڵ و وەهمــی بەردەوامــەوە چەواشەمان ناکات؟

یاخود مشتومڕەکانیان؟

کـە دەتوانـین بـە ئـارەزووی خۆمـان چیمـان بـوێ لێـی هـەڵێنجین. "ئـەقڵ گوێڕایەڵـە دەشـێ مـەیل بـە هـەموو لایـەکدا بکـات". هەربۆیـە هـەموو شـتێك بـە هەڵەیدا دەبات. ئەندێشەو ئەو چەواشـەکاریانەی کـە بــە دوایــدا دێــت، خۆشویســتنی کەســانی دیو قــین لێبوونیان، بەرژەوەندی، نەخۆشی، بەهەڵەیدا دەبەن.

دەردێکــەو دەرمــانی نیــە. بــۆ دڵنیــابوون لــە مشتومڕەکەیشمان دەبێ نیشانەیەکی دوور لە هەڵە (معصوم) مان پێ بێت کە بەڵگە بێت بۆ ڕاستیی. بــەڵام بــۆ کەشــفکردنی ئــەم نیشــانەیە دەبــێ لە پێشدا بیزانین.

یان بەڵگە نەویستیی؟

بــەڵام ئەگــەر ئێمــە بیرۆکەیــەکمان بــە بەڵگەنەویست بێتە پێشچاو ئەمە هۆکارێکی بەس نیە بۆ ئەوەی کە بەهایەکی ڕاستەقینەی ڕەهای هەبێ. بەم پێیە، مەسەلەی بەڵگەنەویست بە گۆڕانی کات و شوێن دەگۆڕێ. "ئەوەی کە لە بەردەم چیای پیرینێدا هەقە لە پشتەوەیدا ناهەقە، یەکوو لەو دادپەروەریە کە ئاراستەی ڕووبار بەری پێ دەگرێ!". دەوترێ: "بنەماگەلێکی سروشتی هەن خۆیان بەسەر ئەقڵی ئێمەدا دەسەپێنن، دەبێ بەو جۆرە تەماشایان بکەن کە شیاوی نکوڵی لێکردن نین". بەڵام ئایا ڕێی تێناچێ کە ئەم پرەنسیپانە تەنها گوزارشتێك بن لە خووەکۆنەکانمان؟ "ئایا بنەما سروشتیەکانمان هەمان بنەما باوەکانمان نین؟" "زۆر دەترسێم کە ئەم سروشتەش هەمان

خـــــووی ســـــــەرەتابێ، وەك چــــــۆن خـــــوو سروشتی دووەمە".

سەبارەت بەو زانستەیش کە بێئیمانـەکان پشتی پێدەبەستن، با دیسان بگەڕێینـەوە بـۆ لای مۆنتـانی. پاسکال لە گفتوگۆیدا لەگـەڵ هێـژا دی ساسـیدا بـاس لـە سـەلماندنە سەرسـوڕهێنەرەکەی مۆنتـانی دەکـات. چونکـە ئێمـە نـازانین ڕۆح و جەســـتەو مـادە چیـە. ناشزانین لە چ کاتێکدا ڕۆح دەستی بە بوون کردو کە ئایا کۆتایی هەیە یان نا. نازانین کەی ڕۆح بە هەڵەدا دەچێو لە چ کاتێکدا ڕاستی دەپێکێ. نازانین کە ئایا زیندەوەرەکـان بیردەکەنـەوە یـان نـا، نــازانین کـات و شــــوێن و جوڵـــەو یـــەکبوون چیـــە، نــــازانین: "تەندروســتی و نەخۆشـی، ژیـان و مــردن، چاکـــەو خراپـە، چاکـەخوازی و گونـاه" چـین، ئەندازەکــەمان پرەنسـیپەکانی شـلۆقە، فـیزیك و پزیشـکی و مێــژوو سیاسـەت و زانسـتی ئـەخلاق و ئیجتیـهاد، هیـچ شـتێ جێـــی متمانـــە نیـــە. پـــەکوو لـــەم پاســـاوەی فیزی بێئیمان!

مۆنتـانی لەسـەر هەقـە کـاتێك کـە: (بــە تونـدی ئەقڵی بەتاڵ لە ئیمان ئاگاداردەکاتەوە) (تەنانــەت لـە بەرزاییەکانیەوەی دادەگرێو لەگەڵ ئاژەڵدا بەراوردی

دەكات). پاسكال بەم وتەیە دوا گورزی خۆی ئاراستە دەكات كە دەڵێ: "ناتوانم خۆشنوود نەبم وەختێك كە دەبینم لەلای ئەم دانەرە، ئەقڵی لەخۆبایی بە هەمان چەكی خۆی سوكایەتی پێدەكرێت".

دروست "گومانكردن ڕاسترە". فیزی بێئیمانیش چیدی نیە جگە لە گەوجیەك كە بەرەو تاوانی دەبات. پەكوو لەو فیزە ئابڕوبەرەو لەو ساویلكەییە كە شایانی زەم كردنە! "ئەگەر سەرەتا مرۆڤ لە خۆیەوە دەست پێبكات، ئەندازەی بێتوانایی خۆی بۆ دەردەكەوێ لە تێپەڕاندنی ئەو سنورەدا كە بۆی دیاری كراوە. بەش چۆن دەتوانێ كە گشت بزانێ؟ ڕەنگە خواستی بەش لانی كەم زانینی ئەو بەشانە بێ كەلەگەڵیدا دەگونجێن؟ بەڵام بەشەكانی جیهان بە جۆرێك وابەستەن بە یەكدییەوە كە پێم وابێ ئەستەمە بتوانین بەشێك بەبێ یەكێكی دی و بەبێ گشت بزانین".

بەشی چوارەم
گرەوو ئیمان

کەواتە چی بکەین؟

گومـانکردنی مۆنتــانی، بێئیمــانی تێکدەشـکێنێ بەڵام بە تێکشکاندنی بـەهای ئـەقڵ. ئایا لـە هـەمان کاتدا هەموو ئومێدێکیشمان بە بوونی ژیانێك کە بـە شـێوەیەکی ژیرانـە ڕێکخرابــێ تێکناشـکێنێ؟ ئەگـەر ئەقڵ بێ توانابێ لە دژی ئایین، ئایا بێتوانــایش نابێ لە خزمەتکردنی ئایین؟

ئەمێســتا ئێمــە ئـــەوەتاین لـــەنێو جەرگـــەی کێشـەکەدا. پاسـکال لـە ڕێگـای کێشـکردنی سـەرنجی کەســی بێئیمــان بــەرەو ئــەو شــتەی کــە لــە کــاتی گرەوکردنـــــدا بـــە هەڵســـوکەوتێکی دانایانـــــە تەماشادەکرێ، خۆی لە کێشەکە دەدزێتەوە.

کەسی گرەوکـەر خـۆی لەبـەردەم دوو هەڵوێسـتدا دەبینێتەوە. ئەگەر لە هەردوو لایەنەکەدا ئەگـەرێکی چوون یەك لە بردنەوە (الربح) و دۆڕاندن (الخسارة) بــەدی بکــات، هیــچ چــارێکی تــری نامێنــێ تەنــها

وازهێنــان لــه گەمــەکردن یــاخود پشــت بەســتن بــه فاکتــەری ڕێکــەوت نــەبێ. ئەگــەر یــەك ئەگــەر بــۆ بردنەوە هەبێو له لایـەکی تـر دوو ئەگـەر لـه ئـارادا هـەبێ، دەبـێ لـەو شـوێنەدا گرەوبکـات کـە ئەگـەری بردنەوە زیاترە، وە ئەگەر ئەگەری بردنەوە به تەنها له یەکێك لەم دوو لایەنەدا زۆربێ، بێئەقڵیـە ئەگـەر ئەو لایەنە هەڵنەبژێرین.

ڕەوشی مرۆییش بە هەمان شێوەیە.

ڕێکخســتنی ژیانمــان بــە گوێــرەی بــاوەڕبوون و باوەڕنــەبوونمان بــە بوونــی خــوداو نــەمریی ڕۆح و ڕێساکانی ئەخلاقی مەسـیحیی دەگۆڕێ. بـەڵام ئێمـە ناتوانین هیچ کامیان بچەسـپێنین. کەواتـە دانـایی وا دەخوازێ کە لەم چەشنە بابەتانەدا واز له هەر بڕواو حوکــم و کــارێك بــهێنرێت. بــەڵام ئــەم دەســت بەرداربوونـە ئەسـتەمە. چونکـە ئێمـە ناچـارین کـە هـەڵبژێرین. دەبـێ بـەو جـۆرە ڕەفتـار بکـەین وەك بڵێی ئـایین شـتێکی ڕاسـتە یـان دەبـێ لـە دەرەوەی چوارچێوەکــەیو لــە دژی هەڵســوکەوت بکــەین. بمانەوێ یان نا دەبێ هەڵوێستێکیان وەربگرین.

بەڵام کام لایەنیان هەڵبژێرین؟ پێویستە وەکی کەسێك ڕەفتار بکەین کە گرەو دەکات. با بزانین کام لایەنیان کەمترین زەرەر و زیاترین قازانجمان بۆ مسۆگەر دەکات.

ئەگەر گرەوم لە دژی ئایین کرد چ قازانجێك دەکەم؟ چەندساڵێك گەمەو ڕابواردن، پەکوو لەو گەمەیە! "دەسبەجێ نەخۆشی دەکەوێتە وێزەم".لە بەرامبەر ئەوەشدا بەختەوەری هەمیشەییو کامەرانی بێ پایان لە کیس خۆم دەدەم. ئەگەر گرەوم لەسەر ئایین کرد چ زەرەرێك دەکەم؟ هیچ. چونکە ژیانێکی پڕ لە شادومانی دڵنیایی و ڕاستگۆیی و چاکەخوازی و خواپەرستی دەژیم. دەشێ بەختەوەرییەکی جاویدانی و کامەرانیەکی بێپایانیشم دەستگیر بێت. وێڕای ئەوەش ئەگەر بە گرەوکردنم لەسەر ئایین بەهەڵەدا چووبووم، دوای ئەوەی کە دەمرم و لەنێودەچم هەست بە هەڵەکەی خۆم ناکەم، ئەم هەست نەکردنە وام لێدەکات کە داخ و حەسرەتی بۆ هەڵنەکێشم. بەڵام ئەگەر گرەوم لە دژی ئایین کردو لە هەڵبژاردنەکەمدا بەهەڵەدا چووم ئەوکاتە حوکمی حەسرەت و پەشیمانی هەمیشەیی بەسەرمدا دەدرێت.

کەواتە دوودڵی بۆچیە؟

کەواتە پێویستە گرەو لەسەر ئایین بکرێت.پێویستە مرۆڤ وەك كەسێکی ئیماندار هەڵسوکەوت بکات.

لێرەدا کەسی بێئیمان دێتە وەڵام و دەڵێت: "ناتوانم ئیمان بێنم". پاسکال بۆ ئەوکەسە دوو وەڵامی لەلایە کە ئەمانەن:

وەڵامی یەکەم پشت ئەستورە بەم سەرنجە گرنگە: "تۆ ئیماندار نیت و ناتەوێت ئیمانیش بێنی: کەواتە وەك کەسێکی ئیماندار ڕەفتار بکە. بچۆ بۆ کۆنوێژ (القداس) و، ئاوی پیرۆز بخۆرەوە"، وەك مۆنتانی دەڵێ: "دواجار دەبیت بە ئیماندار" چونکە مادامەکی جوڵەکانی خواپەرستی بە ڕێکوپێکی جێبەجێ دەکرێ، بەرەو ئیمانداریمان دەبات.

هاوکات شتێکی دیکەش لە ئارادا هەیە کە ئەمەیە: "ئیرادە یەکێکە لە ئامرازە سەرەکیەکانی ئیمان، نەك لەبەرئەوەی کە دەیخوڵقێنێ بەڵکە لەبەرئەوەی کە شتەکان بە گوێرەی ئەو تەماشایەی ئێمە کە تەماشایان دەکەین ڕاستن یاخود ناڕاستن". کەواتە هێندە بەسە کە بە ویستێکی خۆڕاگرانە

ئیمانمان بووێت و، ڕۆشنایی بایـەخمان بخەینـە سـەر هۆكـــارە پاڵپێوەنـــــەرەكان و، لــــەو هۆكارانـــــەی دووربخەینـەوە كـە مایـــەی گومـــانن، بــۆ ئـــەوەی كـــە دواجار خۆمان سەرداری ئیمانی خۆمان بین.

بەشی پێنجەم
ڕاستیی ئایینی مەسیحی

ئـەم هۆکـارە لەهـەر شـتێکدا هەیــە کــە ڕاســتیی ئایینی مەسیحی بسەلمێنێ.

پێویسـتنە ئێمــە گــرەو لەســەر ئــایین بکــەین و باوەڕمان بە بۆچوونەکانی هـەبێ. بـەڵام کـام ئـایین؟ پاسکال بێ هیچ دوودڵییێك دێتە وەڵام و دەڵێت: "ئەو ئایینەی کە پێویستە ئارەزووی گرتنی بکەین ئـاینیی مەسیحیە". لە ڕاستیدا دوو جـۆر لـەو بەڵگانـە هـەن کە ڕاستیی ئایینی مەسـیحی دەسـەلمێنن و قـایلبوونی ئێمـە لەسـەر بۆچـوون و سـوننەتەکانی دەسـەپێنن. هـەندێکیان تـەواو فەلسـەفیو، هەندەکـەی تریشـیان مێژوویی پەتییە.

بەڵگە فەلسەفیەکان

پاسکال دەڵێ: "ئێمە بـەبێ مەسـیحیەت نـاتوانین هیچ شتێك لە مرۆڤ و لە بوون تێبگەین".

کەواتە با یەکەمجار لە مرۆڤ ڕابمێنین.

مرۆڤ بوونــەوەرێکی ئێجگـار سـەیرو نامۆیـە. لـە نێویــدا ســیفاتەکانی فریشــتەو ئــاژەڵ کۆدەبێتــەوە. مرۆڤ "چڵە قامیشە، لاوازترین شتە لە سروشت دا". بــەڵام "تایبەتمــەندی بیرکردنــەوە" یەکێکــە لـــە خاسـیەتەکانی ئــەم قامیشــە. ئــەو غەریزەیــەی کــە هەیەتی وای لێدەکات و دەرك بەوە بکات کە خـاوەنی هــێزی فیکــریو، وزەگــەلێکی ئــەخلاقیو، ڕاچــەنین گەلێکی ئایینیە، ئەمانــەش ئەگـەر مانایـەکیان هـەبێ مانای ڕەوشێکی، ئەگەر ڕاستبێ بلێـین، خوداوەندیـە. بــەڵام ئـــەزموون بـــۆی دەرئـــەخات کـــە ســـەرباری ئەوانـەش خـاوەنی لەشـێکی لـەناوچوو هــەڵچوونێکی تونــدو ئارەزووگــەلێکی نــەخۆش و نــەنگی گــەلێکی ناشـیرینە. توانـای بـاڵاترین هـزرو نزمــترین هەسـتی هەیە. کەواتە بوونـەوەرێکی دووفاقـە، مادامـەکی کـە دڵ و دەروونی بە ئیمان ئاوەدان نیە دەرك بـە خـۆی ناکات.

با دووەمجار لە گەردوون ڕابمێنین.

گەردوو نیش خاوەنی کۆمەڵە سیفاتێکی تەریب و هاوشـێوەیە. ئێمـە مــەزنی و جوانــی و قەشــەنگی و دەلالی لـە بێپایـانی گـەورەو بێپایـانی بچوکـدا بـەدی دەکەین. شانبەشانی ئەوەش هەرچی شتێ لە خراپەو

ئێش و ئـازارو نەخۆشـی و بەدڕەوشـتی کـە بـاوەڕ دەکـرێ و کـە کۆمـەڵێك دیمـەنی بێئومێدکـەری داخراون، تیایدا بەدی دەکەین.

کەواتـە چـۆن چۆنـی لـە ئاسـت خۆمـاندا ڕاڤـەی بوونـی ئـەم تێکەڵیـە جیـاوازە لـە سـیفاتی پێچەوانـە بکـەین؟ پاسـکال بـاوەڕی وایـە کـە تێگەیشـتن لـەو تێکەڵیـە ئەسـتەمە ئەگـەر داوا لـە ئـایینی مەسـیحی نەکەین کە تاریکـاریی ڕێگامـان بـۆ ڕوونـاك بکاتـەوە، چونکە هەر ئەم ئایینەیە کە ڕاڤەی ئـەو مەتەڵـەمان بۆ دەکات، ئەگـەر ئـەویش نەبووایـە بێسـود بـەدوای هەڵهێنانیدا دەگـەڕاین. پوختـەی ئـەو ڕاڤەکردنـەش بەمجۆرەیە:

خودا لە سەرەتادا مرۆڤ و گەردوونی بە کامڵی و جوانـی دروسـت کـرد. بـەڵام مـرۆڤ تـاوانی یەکـەمی کردو لە فەرمانی خودای خۆی یـاخی بـوو، ئیـدی لـە بەهەشت دەرکرا. ئەوە ڕاڤەی هەموو شتێکە.

ئەم مەسەلەیەش ڕاڤـەی ئـەوەمان بـۆ دەکات کـە لـەنێو ناخمـاندا فریشـتەو ئـاژەڵ هەیـە. فریشـتە پاشماوەی بارودۆخی پێشوومانەو، ئاژەڵیش خـودا لـە ناخمـانیدا چانـد تـاوەکو لـە نـەوەکانیدا سـزای ئـادەم

بدات. مرۆڤ له پای ئەو تاوانەی کە کردی و وەك سزادانێك ئەوجا بووە ئەم بونەوەرە دووفاقەی ئێستا.

له لایەکی ترەوە بۆیە گەردوون ئەم ڕووخسارە بێئومێدکەرەمان پیشان دەدات چونکە: "خودا بە خواستی خۆی خۆی ون دەکات" وەك سزادانێك بۆ مرۆڤ. بەلام لە دوای خۆی ڕووناکیەکی ئەوتۆی لە دونیادا بەجێهێشتووە کە هەڵبژێردراوەکان ڕێگای بەرپێی خۆیان ببینن و ڕزگاربوونیان دەستگیر ببێ، هاوکات تاریکاییەکی ئەوتۆیشی بە نێویدا پەخش کردوە کە گومڕاکان کوێربن و ڕێگای ڕاستیان لێهەڵە ببێ.

پاسکال نوسیویەو دەڵێ: "بەلام من پێی لێدەنێم هەرکە ئاینی مەسیحی ئەو بنەمایە کەشف دەکات کە دەڵێ سروشتی مرۆڤ گەندەڵ و خراپەو لە بڵندییەکەیەوە دابەزیوەتە خوارەوە، دەسبەجێ وامان لێدەکات کە لە هەموو جێیەك نیشانەی ئەم ڕاستیە بە چاوی خۆمان ببینین".

ئەوکاتە دەرك بەوە دەکەین کە بۆچی خودا دەیویست ئێمە "کۆششێکی ئیرادی" بکەین تاوەکو بەرەو فەلسەفەی ڕایستەقینە بچین. واتە

گرتنەبەری "ڕێگای نوچدان و ملکەچی" بەسەر خۆماندا بسەپێنین. ئادەم بە هاندەری لە خۆبایی بوون ئەو کارەی کرد. ئەو کەسانەیش کە تەنها بە دراو "معطيات"ی هەست و بەڵگەنەویستی ئەقڵ و بەهای مشتومڕەکانی خۆیان نەبێ نایانەوێت باوەڕ بە هیچی تر بکەن، لە ڕاستیدا هەر لەسەر هێڵە دیاریکراوەکە دەمێننەوە و شایانی ئەوە نین کە خودایان بۆ بەرجەستەبێ، هەر بۆیە تەنها دوودڵی و واق وڕمانیان دەستگیر دەبێ. هەرچی دڵنیایی تیۆری و پراکتیکیشە تەنها تەرخانی ئەو کەسانەیە کە زانیان چۆن چۆنی خۆیان لە ئادەم بێبەری دەکەن. ئەوان ئەو ڕۆژە خۆیانی لێ بێبەری دەکەن کە بە کڕنووشەوە ڕەفتار دەکەن، واتە ڕۆژێك کە خۆیان لەسەر ئیمان هێنان ناچاردەکەن ئەگەرچی ئەو کارەیشیان لەگەڵ دراوی هەست و بەڵگەنەویستی ئەقڵیشیاندا نەیەتەوە. ئەوانە خۆیان ناچاردەکەن لەسەر باوەڕهێنان بە باوەڕی تاوانی یەکەم "الخطيئة الأولية "،ئەو باوەڕەی کە بەبێ ئەو لە هیچ شتێك تێناگەین و ئیمان پێ هێنانیشی تەنها بە سەرکوت کردنی فیزو لەخۆبایی بوونمان دەبێت. لە

ڕاستیدا هیچ باوەڕێك هێندە بەلای ئەقڵەوە گران و، هێندە بەلای ڕۆحەوە مایەی شۆك و هێندە پێویستی بەم وازهێنانە فراوانە نیە لە هزری شەیتانیانە کە لە بەردەم ئیماندا لەنێو ڕۆحماندا دوودڵی دروست دەکات: "بێگومان هیچ شتێك بەلای ئەقڵەوە لەوە داخورپێنتر نیە کە بڵێین تاوانی مرۆڤیەکەم دابەزی بەسەر ئەو مرۆڤانەدا کە لە دوایەوە هاتن و هیچ دەستێکیان تیایدانەبوو. نەك هەر پێدەچێ کە ئەم گواستنەوەیە ئەستەم بێت بەڵکە ئەو پەڕی ناهەقیشە.. بێگومان هیچ شتێك بە ئەندازەی ئەم باوەڕە مایەی شۆك نیە بۆ ڕۆح". هەر بۆیە ملکەچ پێکردنی هزر تا ئەندازەی ئیمان پێهێنان بەم باوەڕە لە هەموو قوربانیدانێکی دیکە زیاتر شایانی پاداشت دانەوەیە، بۆیە خودا ملکەچکردنی ئەقڵی پێ باشترە لە فیزو لەخۆبایی بوونکەی تاوەکو: "ئەو هێزە خۆ بەزلزانە هێزی مشتومڕە سەرشۆڕ بکات، کە بە وتەی خۆی دەبێ ببێتە دادوەری ئەو شتانەی کە ئیرادە هەڵیاندەبژێرێ و، بۆ ئەوەی چاری دەردی ئەم ئیرادە نەخۆشە بکات کە بە هۆی پەیوەندیە گڵاوەکانیەوە تەواو خۆی خراپ و گەندەڵ کردووە". هەرکەسێك کە لە فیزی ئادەم خۆی بێبەری بکات

دەستپێشخەریەکی پێویست دەکات. ئیدی ئەوکاتە خودا خۆی پیشان دەدات و ڕاڤەی ڕاستەقینەی سروشتی مرۆڤ و گەردونی بۆ کەشف دەکات.. ئای کە ئەمەش چ پاداشتێکە!"

بەڵگە مێژووییەکان

هەروەها کۆمەڵێك هۆکاری مێژوویش هەن کە وەکی پاسکال دەڵی پێویستە هانی کەسی مەسیحی بدەن بەرەو ئایینی مەسیحی و مانەوە لەسەر ئەو ئایینە. بەڵام پاسکال هیچی تازە باس ناکات بەڵکە دەگەڕێتەوە بۆ بەڵگە باوە ناسراوەکان کە ئەمانەن:

بەڵگەیەك هەیە کە لە "نەمریی ئایینی مەسیحی"ەوە وەرگیراوە، ئەو ئاینیەی کە لەسەر باوەڕبوون بە دابەزینی مرۆڤ لە دۆخێکەوە کە لەگەڵ خوداداسەروەرو پەیوەندیدار بووە بۆ دۆخێك لە ناسۆرو پەشیمانی و دوورکەوتنەوە لە خودا. بەڵام لە دوای ئەم ژیانە، بە هۆی مەسیحێکی فریادڕەسەوە دەگەڕێینەوە بۆ دۆخی یەکەمجارمان، مەسیحێك کە دێتە سەرزەوی و هەمیشە لەسەر زەویشە، هەموو شتەکان تێپەڕین و بەسەرچوون تەنها ئەم شتە

مایـەوە کـە هـەموو شـتەکان لەبـەر خـاتری ئـەو دروست کراون".

".. بـا سـەرنجی ئـەوە بدەیـن کـە چـاوەڕوانی مەسیح لەوەتی دەستپێکردنی دونیـاوە بـەبێ پچڕان بەردەام بووەو.. کـە هەمیشـە کەسانێکیش هـەبوون دەیـانوت خـودا بـە سـروش پـێی ڕاگـەیاندووین کـە فریادڕەسێك لـەدایك دەبـێ میللەتەکـەی ڕزگاردەکات و.. کە ئیبراهیم لە دوایدا هـاتووە دەڵی سروشـم بـۆ هاتووە کە ئەو فریاد ڕەسـە لـە یـەکێك لـە ڕۆڵـەکانی من لە دایك دەبێ..

کـە یـەعقوبیش وتویـەتی لـە یـەهوزدا لـەدایك دەبـێ‌و، کـە موسـاو پێغەمبـەرانی دواتریـش هـاتوون تـاوەکو هـەواڵی کـاتی هـاتن و شـێوازی ئـەو هاتنـە ڕابگەیـەنن و، کـە وتویشـیانە ئـەو شـەریعەتی ئێسـتا تەنـها لـە چـاوەڕوانی شـەریعەتی مەسـیح دا دروسـت بـووەو، کـە شەریعەتەکەیشـیان هەمیشـەییە تـاو ئـەو کاتەی شەریعەتە نەمرەکەی ئەو دێت و، کـە دواجـار مەسـیحیش هـاتووە هـەموو پێشـبینیەکانی هێناوەتەدی. بە ڕاستی ئەمە شتێکی جوانە".

بەڵگەیـەکی تریـش هەیـە کـە لـە هاتنـەدی پێغەمبەرایەتیەکانەوە وەرگیراوە.

"گـــەورەترین بەڵگـــە لەســـەر مەســـیح پێغەمبەرایەتیەکانــە. خــودا لــە مــاوەی هــەزارو شەسسەد ساڵدا پەیامبەرانی ناردووە، لە دووایدا ئـەم پەیامبەرییە بە هۆی جولەکەکانــەوە بڵاوبـووەوە کـە لە ماوەی چوار سەد ساڵدا لەگەڵ خۆیاندا بە هـەموو دونیادا بڵاویان کردەوە. ئەمە ئەو سەرەتایەیە کە بۆ لـەدایکبوونی مەسـیح ســازکرا، ئــەو مەسـیحەی کـە پێویستە هەمووان ئیمان بە بیروباوەڕەکەی بهێنن".

دواجـار پاسـکال لـە موعجیزەکانـەوە بەڵگەیــەکی بنــەبڕ دەردێنـێ بـۆ سـەلماندنی خودایــەتی مەسـیح. هەندێ کەس نکوڵی لە بوونـی موعجیزەکـان دەکـەن، بــەڵام بەهەڵــەدا چــوون. "ئەگــەر هــەموو ئەوانــە ناڕاست بوونایە، هیچ شتێك ڕاسـت نـەدەبوو:". هـەر بۆیە چەندین موعجیزەی تریـش هـەن. ئایـا پاسـکال بە چاوی خۆی ئــەوە نـەبینی کـە چـۆن چۆنـی دڕکـە پیرۆزەکـە چـاوی کچەکـەی خوشـکەزای چـاککردەوە. وەکـی مەسـیحیش دەڵـێ، ئەگـەر ئێـوە بـاوەڕ بـە مــن ناکەن باوەڕ بە موعجیزەکان بکەن. کەواتــە بـابزانین کـــە چـــۆن دەریاندەخـــەین و دەرەنجامیـــان لێ

دەردەهێنــین بــەو جــۆرەی کــە حــەزرەتی مەســیح داوامان لێدەکات.

بـەم پێیـە هەقیقـەتی مەسـیحیەت جێـی گومـان نیـە، چونکـە ئاییـنــە بتپەرسـتەکان و هاوشـێوەکانی پشـت بـە ئەفسـانە دەبەسـتن، بـەڵام کتێبـی پـیرۆز پیشت بـە ئەفسانە نابەستێ، سـەرچاوە بەڵگەیەکـە وشەکانی پیرۆز بووەو لە گومان پاك بووەتەوە.

بەشی شەشەم
چۆن چۆنی ڕاڤەی مەسیحیەت بکەین

ئێستا ماوەتەوە کە بزانین بە چ جۆرێك پێویستە ڕاڤەی مەسیحیەت بکەین.

ئەم مەسەلەیە چەندین مشتومڕی جۆراوجۆری دروستکرد، مەترسیدارترینیشیان ئەو مشتومڕەیان بوو کە لە ڕۆژگاری پاسکال دا لە نێوان مەسیحیەکان و جانسینیەکاندا کرا.

ڕەخنەی ڕاڤەی مەسیحیانە

پاسکال ڕاڤە مەسیحیانەکە بە ڕاڤەیەکی خراپ و قێزەون دادەنێ چونکە:

یەکەم: مەسیحیەکان بە هۆی ئەم تێڕوانینەیانەوە سەبارەت بە یارمەتی پێویست "العون الکافی" هەمان بیدعە پیلاجییە[10] کۆنەکەیان نوێکردەوەو، بە بەکارهێنانی زمانی مەسیحییانەش هەمان ئەو هەڵەیەیان کردەوە کە

ئـەبکتیتۆس بـە زمانــە بــت پەرســتانەکەی خــۆی کردبووی. هێندە لە خۆشیان بایی بووبوون وایان پێ باش بوو کە لەسەر کاری خۆیان بەردەوام بن. ڕاست نیـە کـە هەمیشـە لـەنێو ڕۆحــی مــرۆڤ دا یارمــەتی پێویست هەیـە بـۆ پاڕانــەوە لــە خــودا، تەنــها هــەر پاڕانـەوە لـە خودابـەس نیـە تــاوەکو بــەو یارمەتیــە کارایــە کۆمــەکمان بکـات کـە پێویســتمان پێیــەتی. دروست وەك دەڵێن ئادەم: "هاوڕێیەکی بەکـەڵك بـوو یارمــــەتی لــــەکیس چــــوو". وەکــــی پــــەترۆس پێغەمبەریش ڕایگـەیاند، خـودا هـەڵبژاردەو نـەفرەت لێکراوەکانی خـۆی هـەڵبژاردو دایمـەزراندن. کەواتــە ڕەوشـێکی حــەتمی هەیـە کـە لـە چــارەی هــەموو بوونەوەرێك نووسراوە. خودا خۆی بە یارمـەتی کـارا کۆمـەکمان دەکـات یـاخود لێمـانی قەدەغـە دەکـات. نــهێنی چاکــەو خراپەکاریەکانیشــمان ئــا لێرەدایــە. "ئێمـە هیـــچ شــتێك لــە کاروکردەوەکــانی خــودا تێناگەین ئەگەر ئەوە نەکەینە سەرمەشق بۆ خۆمـان کە خودا ویستویەتی هـەندێ خـەڵك چەواشـە بکـا و ڕێگای ڕاست پیشانی هەندێکی تری بدات".

ڕاسـتیش نیـە کـە ئـەخلاق وەك خــۆی هــەر بــە ئـەخلاقێکی مەسـیحی دەمێنێتـەوە ئەگـەر ئێمـە بــە

بیـانووی سـازاندنی لەگـەڵ ژیـانی ڕۆژانـەو ژیـانی کۆمـەڵگاییدا ئاسـانکاری لـە پرەنسـیپەکانیدا بکـەین. ئەوە ئەخلاقێکی کەمتەرخەمە! ئەوە بە گیانی خـۆم قەسم تەواو پێچەوانەی مەسیحیەتە.

پاسـکال بـەردباران و بگـرە گاڵتـە بـەو کەسـانە دەکات کەئەم کارە دەکەن و ئینجا لافی ئەوە لێدەدەن کە گوایە بە یارمەتی دەسەڵاتە سیاسیەکان دەسەڵاتی خۆیـان دەکێشـن بەسـەر کڵێسـادا. مەسـیحیەکان پرەنسـیپی بـیروڕا ئەگەرییـەکان "الاراء الإحتمالیـة"یـان هێنایـە نێـو ناوانـەوە. ئەگـەر حـەزتکرد شـتێك بکـەیت ویژدانـت ڕەتـی بکاتـەوە ناچـار نیـت کـە بـە زەرورەت دەسـت لـەو شـتە هـەڵبگریت و نەیکـەیت. دەسـت بکـە بـە پشـکنینی دانراوەکـانی حەڵاڵکـەرانی کێشـە ویژدانیـەکان و بـە تایبەت دانراوی مەسیحیەکان، بزانـە ئایا کەسـێکیان لەنێودایـە کـە ڕوبـەڕوی حاڵـەتێکی هاوشـێوەی حاڵەتەکـەی تـۆ بووبێتـەوە و پـێی وابووبـێ کـە دەکـرێ داکۆکـی لـە چارەسـەرێك بکرێـت کـە لەگـەڵ ئارەزووە شـاراوەکانی تـۆدا بگونجێت. ئەگـەر تووشـی کەسـێکی لـەو جـۆرە بوویـت کەواتـە تـۆ (ڕایـەکی

ئەگەرییانە)ت هەیە. تەنها هەر ئەمەندەش بەسە بۆ دەرچوونـت بـەبێ تـاوان ئەگـەر وێـڕای هـەموو نارەزاییـە ڕوو لەسـەرەکانی ویژدانیشـت هێشـتا هـەر شوێن ئارەزووەکانیشت کەوتیت. ئـای لـەم پرەنسـیپە ناشــیرینە، ئــەوەی کــە زیــاتر ناشــیرین و مەترسیدارتریشی دەکات ئەوەیە کە لیستی ناوی ئەو لاهوتییانـەی کـە تەنـها حوکمدانیـان بەسـە بـۆ دۆزینـەوەی (بۆچوونێکـی ئەگەرییانـە) لـە نـاوی کەسانی بە ئابڕوو بەتاڵەو پڕە لە ناوی کەسانی هیچ و پووچ!

هـەروەها مەسـیحیەکان ڕێگایـاندا بـە پـارێزە زەینیـەکان "التحفظـات الذهنيـة- Restrictions mentales"*. بۆ نموونە پرسـیارت لێدەکرێـت کـە ئایـا دزییت کردووە. ڕاستیەکەی تۆ دزییت کردووە بـەڵام لەو ڕۆژەدا نا. ئەوکاتە بە دەنگی بەرز بـە "نـەخێر" وەڵام دەدەیتـەوە، لـە دواییـدا بـە دەنگێکـی هێـواش ئەمە بۆ شایەتیەکەی خۆت زیاد دەکـەیت و دەڵێـیت: "ئەمڕۆ دزییم نەکردووە". ئیدی جگە لە هەڵەیەکی

---

* ئـەم چەشـنە هەڵسـوکەوتە فێڵـە یاسـای "الحيـل الشرعية"ەکانمان بیردەخاتەوە (و. عەرەبی).

بچوك تۆ هیچی زیاترت نەكردووە. پاسكال ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێو دەڵێ:

ئەمە مانای دركاندنی درۆیە بە دەنگی بەرزو وتنی ڕاستییە بە دەنگی هێواش، ئای كە ئەمەش چ فێڵێكی قێزەونە!

هەروەها مەسیحیەكان دەڵێن بۆ خۆدزینەوە لە تاوانێكی گەورە كە یارمەتی خوداییمان لە كیس دەدات هێندە بەسە كە بزانین چۆن چۆنی مەبەستی خۆمان ئاڕاستە دەكەین و، كۆنترۆڵی پێویستمان هەبێ بەسەر مێشكماندا تاوەكو لە كاتی گونجاوی خۆیدا ئەنجامی بدەین، چونكە مەبەست پاساوی هۆ دەداتەوە. بۆ نموونە ئەگەر كەسێك داوای زۆرانبازی لێكردم دەتوانم بێ هیچ تاوانكردنێك بە شمشێرەكەمەوە بچم بۆ پیاسەكردن لە شوێنی وادەی زۆرانبازیەكەماندا، ئەگەر من پەلاماری دوژمنەكەمم دا تاوانبار دەبم و شایانی ئەشكەنجەی دۆزەخم. بەڵام ئەگەر دانم بەخۆدا گرت هەتا ئەو پەلامارم دەدات منیش لەكاتی هەستانم دا بە دژە پەلامارێك تەنها مەبەستم داكۆكی دەبێ لە خۆم، كەواتە دەتوانم بە شێوەیەكی تەواو ڕاست و ڕەوا شەڕ بكەم.

بـەمجۆرە دەروازە لەبــەردەم هــەموو تاوانــەکاندا دەکرێتەوە.

هــەروەها مەســیحیەکان کۆمــەڵێك پەرســتن و نیشــانەو ســروت و ئاگــاداری بچوکیــان داهێنــا کـــە ڕاســپاردەی ڕۆحـــە خواپەرســتەکانیان پێدەکـــردو ستایشـی ڕۆڵیـان دەکـرد لـە پێنـاو ڕزگـاربون دا، لـە نموونــەی ئــەو دروشمانــە: لەگــەڵ خــۆدا هــەڵگرتی چراوگــی پــیرۆز، شــێوازێك بــۆ درکــاندنی نــاوی مەسیح و مریەم لە هەندێ یادو بۆنەکان دا، سوژدە، نیگارکردنی نیشانەی خاچ، بـەم شـێوەیە جۆرێك لـە بتپەرستایەتیان داهێناو جەختیش لەسەر کاریگەریە سـەیرو سـەمەرەکەی دەکەنـەوە. ئـای ئەمــە چــەندە باوەڕێکی خراپە! پاڵپێوەنانی خەڵکانیساویلکە بەرەو باوەڕهێنــان بــەوەی کــە بــە تەنــەها: "تۆببــەکردن لەسـەرەوەختی مـردن دا بێئـەوەی ژیـانی گـەندەڵ و خراپـی خۆیـان بگـۆڕن" بەسـە، یـاخود ئەگـەر ئـەم هۆکــارە هیـــچ و پوچانـــە بەکاربـــهێنن "خـــودا دەیانژێنێتەوە"، ئەمە بە بـاوەڕی پاسکال ڕەفتارێکـە "زامنـــی مانـــەوەی خراپـــەکاران دەکـــات لەســـەر خراپـەکاری خۆیـان بـە هـۆی ئـەو بیرۆکـە چەوتـەی کەلـە متمانـــەی بێســەروبەرەوە دروسـت بــووە، لـە

جیاتی ئەوەی کە بە تۆبەکردنێکی ڕاستەقینە کە تەنها یارمەتیخودایی دروستی دەکات لەو خراپەکارییە دەریانبهێنێتە دەرەوە".

خواپەرستیی ڕاستەقینە چیە؟

نەخێر نا، نە ئەوە ئەخلاقی ڕاست و دروستەو، نە ئەوەش ئایینی ڕاستەقینەیە.

خواپەرستییو ئایینداری واتە خوداوان لە هەموو شتێکی دیکە زیاتر خۆشبووێت و، هەموو شتێکی تریشمان تەنها لە خودادا خۆشبووێت، واتە بە گوێرەی ئەو بیرۆکەیەی کە پێویستە لەبارەی بایەخ و دادپەروەری و بەخشندەیی ئەو وێنای بکەین.

ئایینداری واتە "لە بەردەم ئەم بوونەوەرە گشتیەدا بڕەوێینەوە کە چەندین جار تورەمان کردو، کە دروست هەر کاتێك بیەوێت دەتوانێ لەنێومان بەرێت" و "دان بنێین بەوەدا کە ئەگەر ئەو نەبووایە ئێمە لە هەموو شتێکدا کەنەفت و بێتوانا دەبووین و، تەنهاو تەنها شایانی تورەیی ئەوین"..

بەم پێیە خواپەرستیی گرتنەبەری ئەو ڕێسا ڕەفتاریە دووفاقەیە کە پاسکال سەپاندبووی بەسەر خۆیدا، کە ئەمەیە:

1-دوورکەوتنەوە لە هەموو لەزەتێك.

2-بەسکردن بەو شتانەی کە پێداویستن، پاشان قێزو بێزکردن لە هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤەکان وا ڕاهاتوون کە لە ڕیزی پێشەوەی بایەخدانەکانیاندا دایبنێن، هەموو شتێك کە پەیوەندی بە جەستەو بەڵکە تەنانەت کەپەیوەندی بە هزریشەوە هەبێ، خواپەرستیی ئەوەیە کە لێکۆڵینەوەی زانستیی و دۆزینەوەی هەقیقەتی زانستایەتی شتەکان بە کارێکی نائابڕوومەندانە دابنێین و، لە کەمەربەستنی قایشێکی بزماراوی و لەخۆدانی کوشندەیە ئەگەر دۆزینەوە زانستیەکانمان هەستی لە خۆبایی بوونمان لەلا دروست بکات.

خواپەرستیی ئەوەیە کە هەژارانمان خۆشبوویت و هەرچیەکمان هەیە بیاندەینێ و چەندە بایەخ بە خۆمان دەدەین هێندەش بایەخ بەوان بدەین ئەگەر لە سەرەمەرگیشدا بێت، هەروەها کات و سەرمایەی خۆمانیان بدەینێو، داماڵراو لە هەموو شتێك و دوور لەهەر بوونەوەرێك بژین.

ئەمە مانای وا ناگەیەنێ کە کەسوکاری خۆمانمان خۆش نەوێت، بەڵکو تەنها بە ئەندازەی وابەستەییان بە خواپەرستیەوە خۆشمان بووێن، هەرچی چاکەو خراپەیەکیش کە بەسەریاندا دێت بە هەلێکی بزانین بۆ ستایشکردنی خودا، ئەویش ئەوەیە کە هیوای سادەیی و خاوێنی ڕۆح بخوازین و بەوپەڕی خاکێتیشەوە هەموو ئەو ئامۆژگاری و ڕاسپاردانە وەربگرین کە کەشیش دەماندات‌ێو، بەخۆ بەدەستەوەدان و بەڵگە بە شادی و کامەرانییەوە کۆست و بەڵا وەربگرین.

دواجار ئاییندارى ئەوەیە کە لە کەسانی زاهید و خواپەرست بین و دەست لەبیرکردنەوە لە زامەکانی مەسیحی لە خاچ دراو هەڵنەگرین وەك تۆبەکردنێك لە تاوانەکەی ئادەم و تەنها بە تێڕوانینی خودا تەماشای شتەکان بکەین و حوکمیان لەسەر بدەین. ئەگەر ئەمانەمان کرد هەست بە دڵنەواییەکی سەیرو شادییەکی سەمەر دەکەین.
ئێستا با ئەم پەیامە بخوێنینەوە کە پاسکال لە ساڵی 1651 بە بۆنەی مردنی باوکیەوە نووسیویەتی:
"ئەگەر لە ڕووی ویستی خوداو دادپەروەری حوکم و

داهێنــەریی بایەخەکەیــەوە تەماشــای ئــەو ڕووداوە بکــەین، بــە کڕنووشــەوە ســوژدە بــۆ شــکۆمەندی نهێنیــەکانی خــودا دەبــەین و ڕێــز لــە پــیرۆزیی حوکمەکانی دەنێین و شێوەی بەڕێوەچوونی بایــەخی پیرۆز دەکەین".

لــە ســاڵی 1656دا بــۆ خــاتوو "دی ڕوانــیز"ی نووسوەو دەڵێ: "ئەوپەڕی کۆشش دەکەم بۆ ئـەوەی کە لـە هیـچ شـتێك خـەمۆك و دڵتـەنگ نـەبم و پێـم وابێ ئەوەی کە بوو نەدەتوانرا لەوە باشتر بێ".

وازهێنــان لــە دونیــا، دەســتبەرداربوون لــە خــود، خۆتەرخانی تەواو بە ئیمان و میهرەبانییەوە بۆ خودا، ئەمانـە واتـای ئـەو دەسـتەواژانەن کـە قوڵـترین بـەش لـە فەلسـەفە ئایینیەکـەی پاسکالی تیـادا بەرجەسـتە دەبـێ. مەسیح بە خودا دەڵـێ: لە پێناوی تـۆدا خوێنـی خۆمـم وشـك کـرد، پاسـکال وەڵام دەداتــەوەو دەڵــێ: خودایــە، هەموو شتێکت پێ دەبەخشم.

پاسکال و ئەخلاق

ئەگەر ئێستا بمانەوێ گەورەیی ئەم پیاوە بنرخێنین دەبێ ئەوەی خوارەوەمان لەیادبێت:

بە پێچەوانەی زۆربەی ئەو فەیلەسوفانەوە کە لە نووسین لە بواری ئەخلاقدا شارەزا بوون بەڵام پرەنسیپەکانی خۆیانیان نەخستە بواری جێبەجێکردنەوە، پاسکال تەنها بە ئامۆژگاریدان بە وتە بەسی نەکرد بەڵکە قسەی تێکەڵ بە کردار کردوو لەم بارەیەشەوە نموونەیەکی باش بوو. بێگومان کات و ساتی وا هەبوو کە لاوازو بێتوانا بوو، ماوەیەکیش لەگەڵ دۆق دی ڕوانیز و میرێ و میلتۆن دا تێکەڵاوی (کۆمەڵگا) بوو، هەروەها وتارێکی دەربارەی ئارەزووەکانی خۆشەویستی نو وسی و تیایدا باوەڕی وابوو کە ئەوکاتە ژیان جوان دەبێ کە بە خۆشەویستی دەست پێ بکات و بە خواست و ئارەزوو کۆتایی پێ بێت. هاوکات بە توندی داوای ئەوەی دەکرد کە بەرایی بدرێت بە هەندێ لە دۆزینەوەکانی. بەڵام، وێڕای هەموو ئەوانە، لە کاتێکی زووەوە لە ژیاندا بووە زاهید و

نموونەیــەكیش بــوو بــۆ خــاوێنیی مەســیحی، ئـــەم بیریــارە بلیمەتــە كــە لــە تەمــەنی دوانـــزە ســـاڵیدا پرەنسیپەكانی ئەندازەی دۆزییەوەو، لە شانزە ساڵیدا لێكۆڵینەوەیـەكی لەســـەر قوچەكــەكان نووســیو، لــە بیست ساڵیدا ئـامێرێكی ژمـێرەی دروسـت كـردو، لـە بیسـت و سـێ سـاڵیدا تاقیكردنــەوە ســەلمێنەرەكانی بوونـــی بۆشـــایی دۆزییـــەوەو، لێكۆڵینەوەیەكیشـــی دەربارەی هاوسەنگی شلەكان نووسی كە تـا ئێسـتایش نرخ و بەهای خۆی هەر مـاوەو، لـە دوایيـدا "پەیامـە گوندییـــەكان" پەیامـــە سەســـوڕهێن و جوانـــەكانی نووسی و ئینجا كتێبی "ئەندێشـە"ی بـۆ داكۆكـی لـە مەسیحیەت نووسی...

هاوكـات ئـەم بیریـارە مەزنـە لـە هــەموو خــەڵكی زیاتر خواپەرست و ملكەچ و چاكەخواز بوو.

پاسـكال كـە لــەوەتی تەمــەنی هــەژدە ســاڵییەوە نــەخۆش و لـە چـوار ساڵی دوایـی تەمـەنیدا بێتوانـا بوو لە ئیش و كاركردندا، جگە لە كەڵك وەرگرتن لە نەخۆشیەكانی خۆی كە بە هـەلێكی خودایـی دەزانـی بــۆ قوربـــانیدان و كۆنـــترۆڵكردنی خـــودو بـــەزەیی هاتنەوە بە بێنەوایاندا، بیری لـە هیـچ شـتێكی دیكـە نەدەكردەوە.

نـەخێر ئـەخلاقی پاسکالیزم کالاّیـەك نـەبوو بـۆ ناردنـە دەرەوە کـە تەنـها بـە قسـەکردن بـەس بکـات. بەڵکە ئـەم پیـاوە لەگـەڵ پرەنسـیپە ئەخلاقیـەکانیدا ژیا. وەختێکیش کە مـرد لـە سـەر جـل و بەرگەکـەی نوشـتەیەك دۆزرایـەوە کـە وەکـی یـادەوەری شـەوێکی تەسەوف کە تیایدا هەستی بە لەرزێکی بـالاّ کـرد بـە پەل و پۆیدا تەشەنە دەکات پاراسـتبووی، ئـەوەی کـە ئەو شـەوە پاسـکال هەسـتی پێکـرد هـەمان ئـەو شـتە بوو کە کەسانێکی تایبەت لـە کـاتی پـەیوەندی کـردن بە زاتی خوداییەوە هەستی پێدەکەن.

نابێ بەزەییمان بێت بـە حـاڵی پاسـکال دا. بـا بـە تایبەت ئەو نووسینە بخوێنینەوە کە بـۆ خـاتوو "دی ڕوانیز"ی نووسیوەو دەڵێ: "ئەگەر خۆشی و لـەزەتی ئێمـــە لـــە خۆبێبـــەش کـــردن و خواپەرســـتی و سۆفیگەرێتی‌دا شیرینتر نەبووایە لـە لـەزەتی تـاوان و خراپەکاری، وازمان لە خۆشی و شادی دنیا نـەدەهێنا بۆ ئەوەی کە خاچی مەسـیح لـەئامێز بگریـن. وەکـی تێر تۆلیانیش دەڵـێ: "کـەس پـێی وانـەبێ کـە ژیـانی مەسـیحیەکان ژیـانی خـەم و خەفـەت و خەمۆکییـە. ئێمـە بـۆ لـەزەتێکی زۆر زیـاتر نـەبێ دەسـتبەرداری چێژو خۆشییەکان نابین".

بەشی حەوتەم
تێڕوانینێکی گشتی

بێگومـــان کـــۆی پرەنســـیپە بنەڕەتیـــەکان لـــە فەلسـەفەکەی پاسـکال دا مایـەی سەرسـامی ئێمەیـە، هـــــەروەها ســـــۆفیگەرێتی و بیرکردنـــــــەوە (جانسـینی)ەکەیشـی بـە لامانـەوە سـەیرو جێگـای سەرسـوڕمانە. کێ لـە ڕۆژگـاری ئـەمرۆماندا هەسـت بەو چەشنە "لـەرز"ە دەکات کـە لـەلای پاسـکال ئـەو قەیرانـە فیکـری و ئەخلاقیـەی دروسـت کـرد کەلـە کتێبی "ئەندێشەدا" بەرجەستەیە؟

بـــەڵام ئەگـــەر ئێمـــە لـــە وردەکارییـــەکانی بیروباوەڕەکانی زیاتر بە ئاگابین وەك لە تێکڕای ئـەو بیروباوەڕانـە، جگـە لـە سەرسـام بـوون بـە جدییـەتی زۆربەیان و سیمای بوێرانـەیان هیـچ چارێکی ترمـان نیـە. بڕشـتیەکی سـەیر لـە بیرکردنـەوەداو نـەرم و نیانیـەکی سـەمەر لـە دەربڕیـن و گوزارشـت کردنـدا سیمای بیروباوەڕەکانی پاسکالە. ئەمانەمان لە هەندێ لە تێڕوانینە باڵاکانیدا بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە لەو چەند لاپەڕەیی پێشوودا ئێمە لەبەردەم ئەم دوو مەحاڵەدا دادەنێت: بێپایان لە گەورەیی و بێپایان لە

بچوکیــــداو، وامــــان لێ دەکــــات کـــە لـــە بـــەردەم دیمەنەکانیاندا مل بچەمێنینەوە. هاوکات لە هەندێ لە شیکردنەوە دەروونیەکانیشیدا ئەوانە دەبینین. با بۆ نموونە یادەوەریمان بگەڕێنینەوە بۆ ئەو چەند لاپەڕەی کە دەربارەی "خـەیاڵکردن و بیرکردنـەوە-المخیلـــة" و کاریگەریـــە تێکدەرانەکـــەی لەســـەر بــــەڕێوەچوونی هـــزرو ڕێکخســـتنی کـــردەوە مرۆڤایەتیەکان ڕەشی کـردەوە، لـە بـارەی لێکـدژی هزری زانستی کە جگە لـە دەرهێنـانی دەرەنجامـەکان لە ژمارەیەکی سنورداری پرەنسیپەوە چیدی نازانێ و هزری ئەدەبی کـە دەزانـێ بگەڕێتـەوە بـەرەو هۆکـارە فرەجـۆرو چەشـــنەکان کـــە دەوری ڕووداوێـــك لـــە ڕووداوەکانیان داوە، هەروەها لە بارەی گەمـەکردن و ڕابواردن و ئەو خراپەکارییانەی کە پاڵی پێوە دەنێ و ئەو مەترسیانەی کە دروستی دەکات و کە بۆچی مرۆڤ بە توندی وابەستەیە پێیانەوە.

هــەروەها لــە تێڕوانینــە جوانســـازیەکانی و لـــە شــێوازی حوکمدانـــی لەســـەر ڕەوان بێـــژی و شـــێواز (الاسـلوب) و لـە ڕاڤـەکردنی گونجـاندنی ئێمـەدا بـۆ هاوتــابوون و لێکدانــەوەی بوونـــی هـــەندێ شـــێوەی

ناشیرینی لێکنزیك وەك نزیکی هەندێ لـە شـێوەکانی جوانـــیدا دەیبینـــن. هاوکـــات لـــە تێڕوانینـــە مەزەندەکاریەکەیشـیدا بـۆ شـەڕ دەیبینـین کـە دەڵـێ: "بۆچی دەتەوێت بکوژیت؟ سـەیرە! تـۆ لەبـەری ئـەو بەر نیشتەجێ نیت؟ هاوڕێم! ئەگـەر تـۆ لەبـەری لای من نیشـتەجێ بووتایـە مـن خوێـن ڕێژدەبـووم بـەڵام کوشتنی تۆ بەم شێوەیە کارێکی ستەمکارانەیە. بەڵام لەبەرئـەوەی کـە تـۆ لەبـەری ئـەو بـەر نیشـتەجێیت هەربۆیـــە مـــن ئـــازاو قارەمـــانم و کارەکەیشـــم دادپەروەرانەیـە". ئەگـەرچی پاسـکال وای پیشـانداوە کـە شـتێکی بـەلاوە پەسـەندە چونکـە گێرمەوکێشـە دوردەخاتــەوە بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا هــەر خــۆی ئەمەیشی نووسـیوە کـە دەڵـێ: "چ شـتێك هێنـدەی هەڵبژاردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی لە دایکبووی یەکەمی شانشین لەلایەن ئێمەوە، لە ڕێگای ڕاسـتەوە دوورە؟.. ئێمـە بـــۆ لێخوڕینـــی کەشـــتیەکە خانـــەدانترین گەشتیاری هەڵنابژێرین".

پاسـکال بـە بـەکارهێنانی ئـەم خاسـیەتە سـەرنج ڕاکێشانە کە دەیکەن بە یەکێك لـە گـەورە نووسـەران لە جیهاندا، گوزارشتی لـەو بۆچوونانـەی خـۆی کـرد: هـەڵچوون و ماتـەم و توڕەبـوون، ئـەو سـیفاتانەی کـە

ڕەوانبێژییەکی توندی پێدەبەخشن و، ئەو گاڵتەجاڕیە باڵایەی کە دەیکەن بە زماندرێژێکی بێهاوتاو، غەریزەی جوانی کە ڕێگای وشەی وێناکەری گوزارشتکەری چەسپاو لە بیرو زەین دای پیشان دەدەن.

ئەو کەسەی کە لە سی و نۆ ساڵیدا ماتماتیکناسێکی بلیمەت و، فیزیکناسێکی‌نوێخوازو، ژێربێژێکی هەڵکەوتوو، هەجوکەرێکی دڵڕەق و، لە هەموو فەیلەسوفە سۆفیگەرەکانی دیکە قەناعەتپێکەرترو لە هەمووشیان کاریگەرتر بوو، لە مێژووی جیهان و فیکردا بەختێکی دەگمەنی هێنا.

ئەندرێ کریسۆن

نەسکی سێیەم

پاشماوەکانی

دەکـــــرێ بەرهەمـــــەکانی پاســـــکال بەســـــەر دانراوگەلێکی فەلسەفی، ئەخلاقی، ئـایینی لـە لایـەك و، دانراوگــەلێکی زانسـتی لــە لایــەکی تـــرو ئینجــا نامەگۆڕینـەوەکانیدا دابــەش بکـرێ، دیــارترین ئـەو کەسـانەیش کـە نامــەیان لەگــەڵدا ئــاڵوگۆڕ دەکــرد ئەمانـە بـوون: خـاتوو بـیرێ و جاکلین کـە خوشـکی بوون، باوکە نوێل، دی ڕیبیر، لیبـایۆر، فێرمـا، خـاتوو دی ڕوانیز، هێژا بیرێ.

چـاپی کۆمەڵـە گـەورە نووسـەرە فەرەنسـیەکان (هاچیت، دوو بەرگ) کە هێژایان بڕۆنشفیگ، بۆترۆ، گــازێ سەرپەرشــتی دەرکردنــی دەکـــەن، هـــەموو پاشماوەکـانی پاسـکالی لــەخۆگرتووە. هـەروەها هێــژا ستڕۆڤسکی سـەرجەمی دانراوەکـانی پاسکالی لـە ســێ بەرگ دا بلاوکردۆتەوە. هەرچی دانــراوە فەلسـەفی و

ئـــــەخلاقی و ئایینەکانیشـــــە،/ چـــەند چـــاپێکی جۆراوجۆریان هەیە بۆ نموونە:

-وتووێـژی پاسـکال لەگـەڵ هێـزا ساسـی. ج. بـیریێ (کۆلان 1903).

-وتـــارێك دەربـــارەی ئارەزووەکـــان. ج. میشـــۆ (فۆنتیموان 1900) و ف. جیرۆ (هاچیت 1910).

-کورتـەی ژیـانی مەسـیحێك. میشـۆ (فۆنتیمـوان 1897).

-پەیامە گوندییەکان. ئەم پەیامانە بـۆ یەکـەمجار لە ماوەی نێوان 1656 بۆ 1657 لە چـەند نامیلکەیـەکی پچڕپچـڕدا دەرکـەوت. لـە دواییـدا پەیامـەکان کـە ژمارەیان هەژدە دانەیە لەیەك بـەرگ دا کۆکرایـەوەو (نیکـۆل) لـە سـاڵی 1657 لـە ئەمسـتردام لـەلای Elzevir چاپ و بلاوی کـردەوە، بـەڵام بەرگەکـە نـاوی پیـا دی لاڤالی بلاوکەرەوەی لەسەرە لە شاری کۆلۆن.

لــە چاپــە نوێیــەکانیش بــا ئامــاژە بکــەین بــۆ چاپەکەی ئۆگۆست مـۆلینێ "لیمیر، دووبەرگ، 1891".

-ئەندێشە. لە دوای مردنـی پاسـکال، هـەموو ئـەو سەرنجانە کۆکرانەوە کە پاسکال بـۆ کتێبـی "داکۆکـی لـە مەسـیحیەت"ی نووسـیبوون و کـە هێشـتا بـێ سـەروبەرو پـەرش و بلاوبـوون، ئەمـە وەکـی ئیتیـان

بیریَ دەڵیَ: "چونكە تەنها دەربڕینێكی سەرەتایی بوون لە ئەندێشەكانی كە لە ساتەوەختی بە خەیاڵ هاتنیدا لەسەر پارچە كاغەزی بچوك تۆماری دەكردن. ئەمانە لە ڕووی نووسینەوە هێندە كەم و كوڕ فەرامۆش كراوبوون كە بە ئەرك و ماندوو بوونێكی زۆر نەبیَ نهێنیەكانیان نەدەزانرا. یەكەمین كاری ئێمە ئەوە بوو كە هاتین وەك خۆی بەو تێكەڵ و پێكەڵیەی كە بەردەستمان كەوت فۆتۆكۆپیمان كردەوە".

بڵاوكردنەوەی ئەم ئەندێشانە وەك خۆی كارێكی ئەستەم بوو. هەروەها ڕۆشنكردنەوەی هەزرە دردۆنگەكان و تەواوكردنی بەشە كەم و كوڕەكانیان و تەواوكردنی كتێبەكە لە ڕێگای مەبەستی دانەرەكەیەو ە دیسان هەركارێكی ئەستەم بوو. ئەگەر وامان بكردایە كتێبێكی تەواو جیاوازمان بڵاودەكردەوە. دواجار بڕیارمان لەسەر ئەوە گیرسایەوە كە تەنها ڕۆشنترین ئەندێشەكان و نزیكترینیان لە كامڵی و تەواوییەوە بڵاوبكەینەوە، تەنها ئەو ئەندێشانەیش لەژێر هەمان ناونیشاندا

کۆبکەینــەوە کـە بــاس لــە هــەمان بابــەت دەکــەن و پاشماوەکەیشی لاببەین.

ئەرکەکــە ئــەرکێکی زۆر قــورس و گـــران بـــوو. هەریـــەك لـــە ئـــارنۆ، نیکـــۆل، دۆق دی ڕوانـــیز و کەسانێکی تریش بەشداریان تیادا کرد. بەڵام دواجـار ناچـاربووین کـە ڕەزامـــەندی جێلـبرت بـیریێ لەســەر هــەندێ "ئارایشـت و جوانکـاری و ڕۆشـن کردنــەوەو نـــەقڵکاری و ســـــەربارکردن" و لەســـــەر هــــەندێ دەستکاری لە دەقەکەدا وەربگرین.

چـاپی ئەسـڵی کتێبەکـە کـە لـە چـەند تـیراژێکی ئێجگار سنوردارو لە ساڵی 1669دا چاپ کرا، بەو جۆرە پێشـکەش کـرا. بـۆ سـاڵی دوایـش هـەمان تێکسـت بــە هـــەندێ دەســـتکاری کەمـــەوە بڵاوکرایـــەوەو ئـــەم چاپــەیان نـــاونرا چـــاپی پۆرڕۆیـــاڵ لـــەلای گلیـــۆم دیسپریز لە شەقامی سان جاك دەفرۆشـرا. لـە سـاڵی 1711دا کەشـیش لویـس بیـدێی کـوڕی جێلـبرت دەقـی دەستووسەکەی تەسلیم بە دێری (سـەن جێرمـان دی بـیرێ) کردولـەم ڕێگایەشـەوە چـووە نێـو کتێبخانــەی نیشتمانیەوەو لەنێو کەلەپوری فەرەنسـیدا بـە ژمـارە (9202) تۆمارکرا. هەروەها لە کتێبخانەی نیشـتمانیدا دانەیـەك لـە دەقـە ئەسـڵیەکانی ئەندێشـە هەیـە کــە

ساڵی 1670 بڵاوکرایەوەو ساڵی 1731 لە لایەن یەکێك لە کوڕەزاکانی جێلبرت بیرێوە درا بە ئەنجومەنی "سان مۆر" لە "سان جیرمان دی بیری".

چاپەکانی کۆندۆرسێ (1776) و بۆسۆیەو ئەندرێ بە گوێرەی چاپی پۆرڕۆیال کراون. لە ساڵی 1844دا فۆجێر بەپێی دەستنووسەکە چاپێکی پێشکەش کرد کە تا ڕادەیەکی زۆر تەواو کامڵ بوو، ئینجا چاپەکانی هاڤێ (1851) و مۆلینێ (1877) و میشۆ (1896) "میشۆ یەکەمین کەس بوو پێڕەوی ڕیزبەندکردنی دەستنووسەکەی کردو "برۆنشفیگ" دانراوو ئەندێشە، لە پۆلێنێکی نوێدا، 1897"ی بەدوادا هات. لە ساڵی 1906دا گازێ جارێکی تر تا ڕادەیەك پۆلێنەکەی پۆرڕۆیال ی گرتەوەخۆ. دواجار شۆڤالی (1925) و ماسێ (1929) پۆلێنگەلێکی نوێیان تاقیکردەوە، هەروەها تۆرنۆر (1938) کە تێکستەکەی بە هەموو گێڕانەوەو دەستکاریەکانی فۆتۆکۆپی کردەوە.

هەڵبژاردە لە نووسینەکانی

ئەندێشەی پەرت و بڵاو

گرنگترین شت لە ژیاندا هەڵبژاردنی پیشەیە، کە فاکتەری ڕێکەوت دەیبات بە ڕێگاوە. چونکە خوو بیناسازو سەربازو تەختەبەستان دروست دەکات. دەڵێن: فلان کەس تەختەبەستێکی زۆرباشە، هەروەها لە کاتی باسکردنی سەربازان دا دەڵێن: ئەوانە شێتن. بە پێچەوانەشەوە خەڵکانێکی تر دەڵێن: "تەنها هەر شەڕ مەزنە، هەرچی پاشماوەی مرۆڤەکانە دڕندەن". ئێمە لە تەمەنی منداڵیماندا لەژێر کا ریگەری ستایشی ئەم پیشانەدا کە بەرگوێمان دەکەوێ و ئەو ڕەتکردنەوەیەی هەموو پیشەکانی تردا کە دەیبستین، شتێك هەڵدەبژێرین. خوو کاریگەریەکی بەهێزی هەیە بە جۆرێك کە ئێمە هەموو بارودۆخێکی مرۆڤایەتی لەو کەسانەوە دروست دەکەین کە سروشت تەنهاو تەنها مرۆڤی لێ

دروست کـردوون. بێگومـــان سروشــت بــەو چەشــنە ڕۆتین و لەسەر یـەك شـێوەی بێگـۆڕان نیـە. کەواتـە ئەوە هەر خووە کە هەموو ئەم کارانە دەکات چونکـە دژایەتی سروشت دەکات. بەڵام هەندێك جار سروشت سـەردەکەوێت و مرۆڤیـش وێـڕای هـەموو خوویــەکی بــاش و خراپــی هــەر لەســـەر غـــەریزەی خـــۆی دەمێنێتەوە.

⋆ ⋆ ⋆

سروشت چاو لە خۆی دەکات: ئەو دەنکە گەنمەی کەلەسەر خاکێکی بە پیت فڕێ درابێت سەوز دەبێ و بەردەگرێت. بە هەمان شێوە ئەو بنەماو پرەنسیپەی کــە لـــەنێو هزرێکـــی تەندروســـت دا چێنرابـــێ بەردەگرێ. هەموو شتێك دەستکردنی هـەمان خوداو ملکەچ بە ڕێنو مایی هەمان خودان: ڕەگ و لق و پۆپ و بەروبووم، بنەماکان ئاکامەکان.

⋆ ⋆ ⋆

هەمیشە سروشت هەمان شت دووبارە دەکاتەوەو، هەمان ساڵ و ڕۆژ کات دەگێڕێتەوە. هەروەها ژمــارەو ماوەکانیش بە دوای یەکدا دێن. بەم شێوەیە جۆرێك لــە بێپایــانی و نــەمری ڕوودەدات. هەڵبــەت ئەمــە

واناگەیەنیَ کە لە هەموو ئەم شتانەدا شتی نەمری بیَکۆتا هەیە، بەڵکە ئەم بوونەوەرە سنوردارانە بە شێوەیەکی بیَکۆتا زیاد دەکەن. بەم پیَیە، من پێم وانیە شتی بیَکۆتا هەبیَ تەنها ئەو ژمارەیە نەبیَ کە زیادبوونی بۆ وەدی دەهێنیَ.

★ ★ ★

ڕەگ و ڕیشەی لەخۆبایی بوون بە جۆرێك لەنێو دڵی مرۆڤ دا ڕەگی داکوتاوە کە سەربازو خزمەتکارو چێشت لێنەرو بارهەڵگر بە خۆیەوە دەنازیَ و حەزدەکات کە کەسانی سەرسامی خۆی هەبیَ. بەڵکە تەنانەت فەیلەسوفەکانیش ئارەزووی هەمان شت دەکەن. ئەو کەسانەیش کەبە نووسینەکانیان پەلاماری ئەوە دەدەن لە ڕاستیدا حەزدەکەن شەرەفی نووسینی باشیان دەست گیر بێت. هەروەها ئەوانەیش کە نووسینەکانیان دەخوێننەوە حەزدەکەن شەرەفی خوێندنەوەیان دەست گیر بێت. ڕەنگە نووسەری ئەم واژانەش هەستی هەمان ئارەزوو دایبگرێت، لەوانەیە ئەوانەیش کە ئەم واژانە دەخوێننەوە دیسان هەمان ئارەزوویان هەبیَ.

★ ★ ★

هەرکەسێك دەیەوێت تەواو ئاشنای لەخۆبایی بوونی مرۆڤ بێت، هێندە بەسە کە لە هۆکارەکان و ئەنجامەکانی خۆشەویستی وردبێتەوە. هۆکارەکەی ئێجگار سادەیەو ئەنجامەکەیشی ئەوپەڕی مەزنە. ئەم شتە کەم و سادەیە زەوی و میرو لەشکرەکان و بەڵکە تەنانەت هەموو دونیا دەبزوێنێ.

ئەگەر کەمێك لوتی کلیۆپاترا کورت تر بووایە ڕووخساری زەوی دەگۆڕا.

⋆ ⋆ ⋆

ئەگەر ئەو دەنکە بەردە بچکۆلانەیە نەبووایە کە بۆری میزی ئۆلیڤەر کرۆموێل[11]ی گرت، ناوبراو هەموو سەرزەمینی مەسیحیەتی داگیر دەکردو بنەماڵەی پادشایەتی لەسەر تەخت لادەبردو، تا هەتایە بنەماڵەکەی خۆی بنەماڵەیەکی بەهێز دەبوو. بەڵام ئەو دەنکە بەردە بچکۆلانەیە بۆری میزی ئەوی قەپات کردوو بووە هۆی مردنی، ئیدی خانەوادەکەی بەرگی ملکەچییان پۆشیو، ئاشتی باڵی بەسەر هەموو جێیەکدا کێشاو، پادشای لەسەر تەخت لابراویش گەڕایەوە بۆ سەر عەرشی پادشایەتی خۆی.

یاساکان و داد پەروەری

... لەسەر چ شتێك سیستەمی دەسەڵاتی خۆی لە دونیادا بوونیات دەنێت؟ لەسەر ئارەزووی هەر تاکەکەسێك؟ ئای لەو پاشاگەردانییە! یان لەسەر دادپەروەری؟ بەڵام خۆ ئەو دادپەروەری نازانێ.

بێگومان ئەگەر بیزانیایە ئەم بنەما مرۆییە گشتیەی دانەدەنا کە دەڵێ پێویستە هەموو تاکەکەسێك شوێن داب و نەریتی وڵاتی خۆی بکەوێت، ئەوکاتە هەموو میللەتان ملکەچ بە دادپەروەری ڕاستەقینە دەکران و یاسادانەرانیش چاویان لە ئارەزووەکانی فارس و ئەڵمانەکان نەدەکرد لە جیاتی چاوکردن لەم دادپەروەرییە چەسپاوو هەمیشەیە. ئەوکاتە دەمانبینی لە هەموو دەوڵەتانی دونیاو لە هەموو ڕۆژگارو سەردەمێکدا لە شوێنی ئەو دادپەروەری یاخود ئەو زوڵم و ستەمەدا باوی دەبوو کە لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی تر سیماکەی دەگۆڕێ. ئیجتیهادی دادگاکان بە کەمترین گۆڕان لە بەرزبوونەوەی جەمسەریدا دەگۆڕێ، هەروەها چارەنووسی هەقیقەت بەپێی کەمترین گۆڕان لە

هێڵەکانی درێژیدا دەچەسپێ. ئەگەر چەند ساڵێکی دیاریکراویش بەسەر خاوەنداریێتیدا تێپەڕ بکات یاسا بنەڕەتیەکان دەگۆڕێن. یاسا بەرواری خۆی هەیە، داخڵبوونی ئەستێرەی زوحەل بە بورجی شێر بنچینەی تاوانەکانمان پیشان دەدات. ئای لەو دادپەروەرییە کۆمیدییە کە ئاراستەی ڕووبار بەری پێدەگرێت! ئەوەی کە لە بەردەم چیای پیرینیێدا هەقە لە پشتەوەیدا ناهەقە.

ئەوان دەڵێن دادپەروەری لەم نەریتانەدا نیە، بەڵکە لە یاسا سروشتیەکاندایە لە هەموو دەوڵەتێکدا. بێگومان ئەوانە ئەو کاتەقیرسچمانە جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەگەر ڕێکەوت کە تۆوی یاساکانی مرۆڤایەتی چاندووە، لانی کەم تەنها لەسەر یاسایەك بیگرسایەتەوە کە هەمەگیر بووایە. بەڵام بۆ گاڵتەجاڕی، ئارەزووەکانی مرۆڤ ئەوەندە هەمەچەشنن کە بوونی ئەم جۆرە یاسایە ئەستەم بووە.

دزیکردن و زیناو باوك و ڕۆڵە کوشتن هەموو وا لە چارەیان نووسراوە کە بەکارو کردەوەی ڕەوشت بەرزانە دابنرێن، چ شتێك لەوە سەیروسەمەرەترە

کە کەسێك لەبەر هیچ نا تەنها لەبەرئەوەی کە لەبەری ئەوبەری سنوردا دەژی، یان لەبەرئەوەی کە دەسەلاتداری ولاتەکەی لەگەڵ دەسەلاتداری ولاتی منـدا لە ناکۆکیدایە، مافی ئەوەی هەبێ خوێنی من بڕێژێ.

بێگومان یاساگەلێکی سروشتی هەن، بەلام ئەم ئەقڵە ژێرە گەندەڵە هەموو شتێکی گەندەڵ و خراپ کردووە.

ئەم شەپرزەییەش باروودۆخێکی وەهای خوڵقاندووە کە هەندێك کەس جەوهەری دادپەروەری لە دەسەلاتی یاسادانەر "سلطان المشرع"دا دەبیننەوەو، هەندێکی تر لە بەرژەوەندی دەسەلاتدارو، کەسانێکی ترش لە داب و نەریتی ئێستادا. ئەمەش زامنترین شتە، چونکە بە بۆچوونی ئەقڵ خۆی، هیچ شتێك لە خۆیدا دادپەروەر نیە. هەمو شتێك لەگەڵ تێپەڕوبونی کاتدا لەق دەبێ. داب و نەریت لەبەر هیچ نا لەبەرئەوە دادپەروەری دەخوڵقێنێ چونکە پەسەندە. بنەڕەتی غەیبیانەی دەسەلاتەکەیشی ئالێرەدایە. ئەوەی کە دەیگەڕێنێتەوە بۆ بنەماکەی تێکوپێکی دەدات. هیچ شتێك هێندەی ئەم یاسایانە ناڕاست نیە کە

مەترسـیەکان هەڵدەسـەنگێنێ. هـەر کەسـێك لەبـەر دادپەروەریەکـــەی پـــێڕەوی بکـــات پـــــێڕەوی دادپەروەریـەك دەکات کـە ئەندێشـەی خـۆی نیگـاری دەکێشێ نـەك ڕۆحـی یاسا. تەنـها یاسـایەکی ڕووتـەو هیچی تر. هەرکەسـێك بیـەوێت بـە دوای پاڵپێوەنـەر بۆ ئەم یاسایەدا بگەڕێ هێنــدە لاوازو سـوك دەیبینـێ کـە ئەگـــەر لەســـەر تێڕامـــان لـــە شـــتە ســـەیرو سەمەرەکانی ئەندێشەی مرۆڤایەتی ڕانەهاتبێ تـەواو سەرسام دەبێ چونکە ئەم یاسایە لە ڕابوردوودا لەلای نەوەیـەك لـە نـەوەکان جێـی ڕێـزو نەوازشـــت بـــووە. هونەری پـەلاماردان و تێکشـکاندنی دەوڵـەتان لەسـەر ل ەقاندنی داب و نەریتە چەسپاوەکان و گەڕانـەوە بـۆ بنچینەکـەیان دامـــەزراوە بـــۆ تانـــەو تەشـــەردان لـــە دەســـەلات و دادپەروەیەکـــەی. دەڵێـــن پێویســـتە بگەڕێینــەوە بــۆ یاســا بنـــەڕەتی و ســـەرەتاییەکانی دەوڵـەت، ئـەو یاسـایانەی کـە داب و نـەریتێکی زاڵمـی ستەمکار لەگەڵ خۆیدا بردی و ڕۆی. ئەمە شێوازێکی زامنـە بـۆ لـە کیسـدانی هـەموو شـتێك. چونکـە هیـچ شـتێك دادپەروەرانــە نیــە ئەگـــەر بـــەم پێوانەیـــە بپێورێت. بەلام میللەت گوێ بـۆ ئـەم چەشـنە قسـەو

قسەڵۆکانە ڕادەگرێ، هەر بۆیە یەکێك لە یاسادانەرە داناکان وتوویەتی: زۆرجار بەرژەوەندی مرۆڤەکان وا پێو یست دەکات کە لە خشتە ببرێت. نابێ هەست بە هەقیقەتی دەست درێژی بکەن. پێشان دەست درێژی بەبێ هیچ هۆیەك و داخلْ بەم یاسایانە کراوە بەڵام ئێستا بووەتە شتێکی ماقولْ و بەجێ. ئەگەر بمانەوێ کە بەم زووانە کۆتایی نەیەت دەبێ وەکی شتێکی هەمیشە ڕاست و ڕەوا وێنای بکەین و هەوڵبدەین سەرەتاکەی بشارینەوە.

⋆ ⋆ ⋆

وەختێك کە مەسەلەکە مەسەلەی جاڕدانی شەڕو کوشتنی بە هەزاران مرۆڤ بێت، تەنها تاقە یەك کەس دەرەقەتی ئەم مەسەلەیە دەدات، هەرچەندە کەسێکی مەبەستداریشە. پێویستە لەم چەشنە مەسەلانەدا پشت بە کەسێك ببەسترێ کە هیچ پەیوەندیەکی بە بابەتەکەوە نەبێ.

جەوهەری من

من چییە؟

ئەگەر کەسێك لەبەر پەنجەرەدا ڕابووەستێ بۆ ئەوەی ڕێبواران ببینێ، ئەگەر من لەوێوە بڕۆم ئایا دەتوانم بڵێم کە ئەو بۆ بینینی من ڕاوەستاوە؟ نەخێر. چونکە ئەو بە تایبەتی بیر لە من ناکاتەوە. ئەگەر کەسێك لەبەر جوانی کەسێکی دیکەی خۆش بوویت ئایا دروست خۆشی دەوێت؟ نەخێر. چونکە ئەو ئاوڵەیەی کە جوانی کەسێك لەنێو دەبات بێئەوەی کەسەکە بکوژێت، کۆتایی بەو خۆشەویستیە دەهێنێ.

یان ئەگەر من لەبەر ئەو بڕیارو یادەوەرییەی کە هەمە خۆشیان بوویم، ئایا من لە جێی ئەو خۆشەویستیەدام؟نەخێر. چونکە دەتوانم ئەو سیفاتانە ون بکەم بێئەوەی خودی خۆم ونبکەم. کەواتە ئەم (من)ە لە کوێدایە ئەگەر لە لەش و لە ڕۆحیشدا نەبێ؟ کەواتە لەش یاخود ڕۆحمان چۆن خۆش بوویت ئەگەر لەبەر خاتری ئەم سیفەتانە

نــەبێ کــە هــەرگیز (مــن) دروســت ناکــەن چونکــە ســیفەتگەلێکی لــەناوچوون؟ ئایــا جەهــەری ڕۆحــی مرۆڤمـان، ئیـدی سـیفاتەکانی هـەرچۆنێك بێـت، بـە شێوەیەکی ڕووت خـۆش دەوێـت؟ نـەخێر ئەمـە ڕێـی تێناچێ و ناڕەوایشە.

کەواتـە ئێمــە هــەرگیز کــەسمان خــۆش نــاوێت، بەڵکـە تەنــها هــەندی ســیفاتمان خـــۆش دەوێـــت و هیچی تر.

بـــیر

مــرۆڤ چیـدی نیـە جگـە لـە چڵـە قامیشێکــ، لاوازتریــن چڵــە قــامیش لــە سروشــت دا، بــەڵام قامیشێکی بیرمەندە. پێویست بەوە ناکات کە هــەموو دونیـا چـەك لەشـان بکـات بـۆ تێکشــکاندنی؛ چونکـە تەنها گەردیلەیەك لە هـەڵم یـاخود تنۆکێك لـە ئـاو بەسە بۆ کوشـتنی. بـەڵام تەنانـەت کـاتێك کـە دونیـا تێکیشی دەشکێنێ هێشتا مـرۆڤ هـەر لـە بکوژەکـەی خانەدان ترە، چونکە دەزانێ کـە بمـرێ، بـەڵام دونیـا هیــچ شــتێك لــەو باڵادەســتیە نازانــێ کـــە بەســـەر مرۆڤدا هەیەتی.

کەواتە هەموو ئابڕوویەکی ئێمە لە هزردایە. با هەوڵبدەین زۆر بە چاکی بیربکەینەوە: ئائەمەیە بنەمای ئەخلاق.

★ ★ ★

تەنها لەنێو ڕێکخستنی بیرمدا نەبێ نابێ بە دوای ئابڕوومدا بگەڕێم. تەنها بە هۆی بیرەوە لە دونیا تێدەگەم و لە کۆت ودیلێتیەکەیشی ئازاد دەبم.

★ ★ ★

دەتوانم مرۆڤ بەبێ دەست و بێ قاچ و بێ سەر بهێنمە پێشچاوی خۆم، بەڵام ناتوانم بەبێ هزر وێنای بکەم. چونکە ئەگەر هزر نەبووایە دەبوو بە بەرد یاخود ئاژەڵ..

★ ★ ★

مرۆڤ بە هزرەوە مەزنە.

بەسەرهاتی جاك دیلبا

پێم وت: باوکە! ئەمە ئەو برگەیەیە کە وابەستەیە بە (چاك دیلبا) وە. وتی: مەبەستت چیە؟ وتم: سەیرە! ئەدی لەبیرت نەماوە ساڵی 1646 لەم شارەدا چی ڕویدا؟ کەواتە تۆ لەوکاتەدا لە کوێ بوویت؟ وتی: لە یەکێك لە پەیمانگا دوورەکانمان لە پاریس خەریکی وتنەوەی گیروگرفتەکانی ئامانەت بووم. پێم وت: کەواتە پێم وابێ ئاگات لە بەسەرهاتەکە نیە، هەربۆیە پێویستە بۆتی بگێڕمەوە. چەند ڕۆژێك لەمەوبەر پیاوچاکێك بۆ منی گێڕایەوە.

چاك دیلبا لە پەیمانگای کلیرمۆن لە شەقامی سان جاك لە خزمەتی باوکان (الآباء)دا کاری دەکرد. لە موچەکەی خۆی نارازی بوو بە مەبەستی باربووکردن بڕێك شتی دزی. باوکەکان هەستیان بە مەسەلەکە کرد و بە تۆمەتی دزیی ناوماڵ جاك دیلبایان توندی نێو زیندان کرد.ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم پێم وابێ لە شەشی نیسانی 1646دا بوو کە داواکە لە بەردەم دادگادا بەرزکرایەوە، چونکە ئەو

کەسەی کە ڕووداوەکەی گێڕایەوە ئاماژەی کردبوو بۆ هـەموو ئـەو وردەکاریـە تـاوەکو گوێگـران بـاوەڕی پـێ بکەن. جاك ی بەدبەخت پرسیاری لێکراو دانی نا بە دزینی هەندێ قاپ و قاچاخ دا. بەڵام وتـی کـە گوایـە نەیدزیوون و.. بۆ بێبەری کرندی خۆیشی ڕێساکەی باوکـە "بۆنــی" بـە بەڵگـە هێنایـەوەو کتێبێکیشـی خسـتە پێشـچاوی قازیـەکان کـە یـەکێك لـە باوکـەکان داینـابوو کـە گـیروگرفتی ئامانـەت ی پـێ وتبـووەوە. لەبــەر ڕۆشــنایی ئــەوەدا "مۆنــرۆج" ئەمــەی پێشـنیارکرد: "کتێبـەکانی ئــەو باوکانــە کــە ڕێسـاو بنـەمای قەدەغـەکراو لــەخۆ دەگــرێ، پێچەوانــەی هەموو یاسا سروشـتی و ئاسمـانی و مرۆڤایەتیەکانـە، زامنی لەقاندنی بناغەی هەموو خێزانەکان دەکات و ڕێگـای هــەموو دزییــەکی ناومــاڵیش دەدات،... ئــەم کتێبانــە نــاتوانن پاکانــە بکــەن بــۆ لێبــوردن لــەم تاوانبـارە"، و ڕای وابـوو کـە ئــەم خوێندکـارە زێـدە گوێڕایـەڵ و دڵسۆزە شـایانی ئەوەیـە لەبــەر دەرگـای پــەیمانگادا قــامچی لێ بدرێـت و، هاوکـات پێویســتە جەلادەکە کتێبی ئەو باوکانەش بسوتێنێ کە باس لە دزی دەکـەن و لـەژێر زەبـری ســزایش دا ڕێگانــەدرێ

بەو کەسانە کە ئەم جۆرە ڕێسایە فێری خەڵکی بکەن.

★ ★

خەڵکی چاوەڕوانی ئاکامی ئەم پێشنیارەی مۆنرۆج بوون. لە ناکاو ڕووداوێک ڕوویدا دەرچونی بڕیاری دادگای دواخست. لەم کاتەدا بەندیەکە بە شێوازێکی نادیار ون بوو دیارنەما، ئیدی هەموو باس و خواستێک لەسەر ئەم مەسەلەیە ڕاوەستا، بە جۆرێک کە جاک دیلبا لە زیندان دەرچوو تا ئێستایش نەگەڕاوەتەوە.

کابرا کە بەسەرهاتەکەی بۆمان گێڕایەوە وای وت هەروەها وتیشی کە پێشنیارەکەی هێژا (مۆنرۆج) لەنێو دەفتەری تۆمارەکانی دادگادا هەیەو هەر کەسێك بیەوێت دەتوانێ تەماشای بکات. ئێمەیش کاتێکی خۆشمان لەگەڵ ئەم بەسەرهاتەدا بەسەربرد.

پەراوێزەكان:

لە دوو توێی ئـەم كتێبـەدا كۆمـەڵێك نـاو هـاتووە كـە لـە دەقـە عەرەبیەكـەدا وەرگـێڕی عـەرەبی هیـچ پـەراوێزێكی بـۆ نەكردبوونـەوە، مـن بـۆ كارئاسـانی زیاتر بۆخوێنەری كوردی ئاشناكردنی بەو ناوانە كە ڕەنگە بەلایەوە نامۆبن و یەكەمجار بـێ بیانبیسـتێ و لەبەرئەوەی كە ئەو ناوانە كارەكتەرن و ڕۆڵی خۆیان هەیـە لـە ڕووداو بەسـەرهاتەكانی ژیـانی پاسـكال دا، ئەم پەراوێزەم بە پێویست زانی.

1-پۆرڕۆیال)Port-Royal(: دێـر یـاخود كڵێسـایەكی ژنـان بـوو لــە سـاڵی 1204 لـە نزیـك شـاری پـاریس دروست كـرا. لـە ساڵی 1608 دایكـە (ئـانجلیك ئـارنۆ 1591-1661) سـەرلەنوێ تـازەی كـردەوە. لـە سـاڵی 1635 لقێكی تری لە پاریس دامـەزرێنرا كـە "سـان سـیران" سەرپەرشـتیبەڕێوەبردنی ڕۆحانیەكـەی دەكـردو لـە دوایـدا بـووە لانكێـك بـۆ جانسـینیزم. هـەندێ لـە پیاوانی یەكگرتوو (المتوحدین) لە دەوری نیشتەجی بوون و لە ساڵی 1648 دا خوێندنگایەكیان بۆ فێركردن

دامـــەزراند "جـــان ڕاســـین" یـــەکێك بـــوو لـــە خوێندکارەکانی. لە ساڵی 1656 دێرە لادێییەکەیان چەوسێنرایەوە. لە ساڵی 1709 ژنە کەشیش و ڕاهیبەکانی نێوی دەرکران و دێرەکەیش بە تەواوی ڕووخێنرا.

2-ئیکلیدس (Eukleides) (سەدەی سێیەمی پ. ز) ماتماتیکناسێکی یۆنانیە لە ئەسکەندەرییە وانەی گوتووەتەوە، دامەزرێنەری بنەماکانی ئەندازەی تەخت (الهندسة المسطحة)ە.

3-ڕیشیلیۆ (Richelieu): کاردینال ڕیشیلیۆ (1585-1642) یەکێکە لە گەورە پیاوە سیاسەتمەدارەکانیفەرەنسا، ماوەیەك وەزیری لویسی سیانزەیەم بوو. کاریگەرەرییەکی زۆری هەبووە لە سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەو سیاسەتی ڕۆشنبیری فەڕەنسادا. دامەزرێنەری ئەکادیمیای فەرەنسیە.

4-کۆرنیلیۆس جانسینیۆس (1585-1638) لاهوت و زانایەکی ئایینی هۆڵەندیە بە هۆی کتێبی (ئۆگستینۆس) کە لە ساڵی 1628دا نووسراوەو لە ساڵی 1630دا بڵاوکراوەتەوە ناوبانگی دەرکردووە. لەم کتێبەدا هەوڵی داوە ڕێبازەکەی قەدیس ئۆگستین دەربارەی لێبوردنی خودایی و قەدەر زیندووبکاتەوە،

بەپێی باوەڕی جانسینیوس لێبوردنی خودایی تەنها کەمێك بوونەوەر دەگرێتەوە لەوەتی لەدایکبوونیانەوە. هەروەها نکوڵی لە ئازادی ئیرادە دەکات و پێی وانیە کە سروشتی مرۆیی هەر خۆی توانای ئەوەی هەبێ کە کاری چاکە بکات. جانسینیزم لە لایەن کلێسای کاتۆلیکی ڕۆمانیەوە پرۆتیستۆ کراوەو بە بیدعەو کوفر دانراوە.

5-ئەبیکتیتۆس (Epiktetose) (سەدەی یەك): یەکێکە لە فەیلەسوفانی هەیوان (رواق)، سەرەتای ژیانی لە ڕۆما کۆیلە بوو. لە دوایدا سەردارەکەی ئازادی کردو لە نیکۆپۆلس خوێندنگایەکی بۆ فێرکردنی فەلسەفە دامەزراند. لە نووسینەکانیدا داوای دان بە خۆاد گرتن دەکات لە کاتی تەنگانەدا.

6-مۆنتانی (Montaigne) (1533-1592): نووسەرو بیرمەندێکی فەرەنسیە. لەنێو تێڕامان و خوێندنەوەدا ژیانی بەسەربردووە. هزرو تاقیکردنەوەکانی خۆی لە دوو کتێب دا تۆمار کردووە: (هەولَ) کە تیایدا باس لە بێ توانایی مرۆڤ دەکات لە گەیشتن بە هەقیقەت و داد، (ڕۆژانە) کە تیایدا ڕێژەبوونی کاروبارەکانی مرۆڤایەتی

دەسەلمێنێ.7-ئـارنۆ (Arnauld) (1612-1694): لاهــوت و زانایـەکی ئـایینی فەرەنسـیە، هــەواداری جانسـینیزم بووە، برای دایکە (ئانجیلیك ئارنۆ)یە.

8-جان ڕاسین (1639-1699): شاعیرو شانۆنووسـێکی فەرەنسیە، پەروەردەی دێـری پـۆر ڕۆیاڵە. گرنگـترین شـــانۆییەکانی ئەمانـــەن: ئـــەندرۆماك (1667)، بریتـانیکۆس (1669)، میـتریدات (1673) و ، هــەردوو شـانۆیی ئاسـتر (1689) و ئاتـالی (1691) کـە سـیمایەکی ئایینیان هەیە.

9-مـــــــــــــــازاران (Mazarin) (1602-1661): سیاســەتمەدارێکی فەرەنســیە، بــە هــۆی هــەوڵ و کۆششەکانی ڕیشیلیۆوە بووە کاردینال. سـاڵی 1648 لـە ڕێگـای ئیمزاکردنـی پەیماننامـەی فسـتفالیاوە کۆتـایی بە جەنگی سی ساڵەی ئەوروپا هێنا.

10-پیلاجیـــۆس (Pelagius) (نزیکـــەی 360-430): ڕاهیبێکی بەریتانییە داهێنەری بیدعەیەکە بە نـاوی خۆیـەوە ناسـراوە کـە دەڵـێ: مـرۆڤ بـۆ ڕزگـاربوون پێویستی بە چاکەو بەخشندەیی خودا نیە.

11-ئۆلیڤــەر کرۆموێـــڵ (Cromwell) (1599-1658): پەرلەمانتارێکی ئینگلیزییە. ڕابەرایـەتی جوڵانـەوەی بەرهەڵستی دەسەڵاتی پادشای کـردو لـە سـاڵی 1649دا

بەسەر شاچارلیسی یەکەمدا سەرکەوت و دای لە سێدارە. لە ساڵی 1653دا ئیرلەندەی سەرکوت کردو پەرەلمانی لابردو بە شێوازێکی دیکتاتۆریانە فەرمانڕەوایی وڵاتی کرد.

سەرچاوەكان

BIBLIOGRAPHIE

1-La bibliographie generale des oeuvres de Blaise pascal, par M. Alfred Mavie, arretee en 1927, comporte cinq volumes (Giraud- Badin).

2-Parmi les innombrables etudes consacrees a pascal et a son oeuvre, Signaions:

Boutroux, Pascal (Hachette, 1900).

3-L. Brunschvicg, Le Genie de Pascal (Hachette, 1925).

4-L. Brunschicg, Pascal (Rieder, 1932).

5-Victor Cousin, Etude sur pascak (1842-1844).

6-Augustin Gazier, Port-Royal au XVIIe Siecle (Hachette, 1909).

7-Giraud, La vie heroique de Blaise Pascal (Cres, 1923).

8-Hatzfeld, Pascal (Alcan, 1901).

9-E. Jovy, Etudes Pascaliennes (6 Vol., Vrin 1927-1928).

10-Lhermet, Pascal et la Bible (Vrin, 1931).

11-Nedelgovitch, La pensee philosophique Creatrice de Pascal (Alcan, 1925).

12-F. Rauh, La Philosophie de pascal (Annales de la Faculte des Lettres de Bordeaux. 1892).

13-Ravaisson, La Philosophie de pascal (Revue des Deux- Mondes, 1887).

14-Sainte- Beuve, Port- Royal, t. III.15/T. Strowski, Pascal et son temps (3 Vol., Plon, 1907-1909).

16-Sully- Prudhomme, La Vraie religion selon Pascal (Alcan, 1901).

ئەم کتێبە لەم سەرچاوەیەوە کراوەتە کوردی:

پاسکال

حیاته- فلسفة- منتخبات

نووسینی: ئاندرێ کریسۆن

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: نهاد رضا

زنجیرەی "زدنی علما" بڵاوکراوەکانی "عویدات"

بیروت- لبنان/ چاپی دووەم 1977

زنجیرە کتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

ناوی کتێب	نوسینی	وەرگێڕانی
1-ژن لە شیعرو ژیانی مندا	نزار قەبانی	جەمال غەمبار
2-نیچە	پۆڵ ستراتێرن	ئازاد بەرزنجی
3-سوڕی مانگانەی ژن	مارتن لۆدڤیك	ئەکرەم قەرەداغی
4-دیکارت	پۆڵ ستراتێرن	ڕەئوف بێگەرد
5-بیری ئاینی کۆن لە میزۆپۆتامیادا	د. تەقی دەباغ	یاسین عومەر
6-ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی	دیاینی. دەچز. ئبرامز	عەتا قەرەداخی
7-ئایین و کەسایەتی	ل. پاڵس	ئاوات ئەحمەد
8-هەشت نامە	گۆنتەرگراس- کینزابۆرۆئۆ	شوڕش جوانڕۆیی
9-ئانارشیزم	د. مستەفا ڕەحیمی	ڕێباز مستەفا
10-کۆمارە کوردییەکەی مەهاباد	ئارچی ڕۆزفڵت	ئەکرەم قەرەداخی
11-دەربارەی دیالێکتیکی ڕۆشنگەری	موراد فەرهاد پوور	بەختیار سەجادی
12-پۆزش	ئەفلاتون	ئاوات ئەحمەد
13-ئاوابوونی هزرە تۆباوییەکان لە ڕۆژئاوادا.	ئایزایا بەرلین	کامیل محەمەد
14-هونەری نیگارکێشان....	شمیدت دیجینەر	وەهبی ڕەسوڵ
15-چامەی پەخشان	سۆزان بیرنار	سەلاح محەمەد
16- ئایین، عەلمانییەت ، فێندەمێنتالیزم	محەمەد ئەرکۆن	شوان ئەحمەد
17- سارتەر	پۆڵ ستراتێرن	ئازاد بەرزنجی
18-چۆن دەبێت بەباشترین هاوڕێی خۆت	میلدرید نیومان بێرنارد بێرکۆتس	شێرزاد حەسەن
19-کوردو زمانی کوردی	تۆفیق وەهبی	عەزیز گەردی
20-ئەنتۆنین ئارتۆو شانۆی	جلال ستاری	پێشڕەو حسێن

...